Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.22090422

# وێنەی خود و پەیوەندی بە ڕازیبوون لەپسپۆڕی خوێندن لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان

عبدالصمد أحمد محمد

بەشی باخچەی منداڵان// کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی // زانکۆی سلێمانی

بلال محمود عبدالقادر

بەشی باخچەی منداڵان// کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی // زانکۆی سلێمانی

## Article Info

Received: September , 2022
Accepted : November ,2022
Published :December , 2022

## Keywords

وێنەی خود، ڕازیبوون خوێندکاران، خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان، زانکۆکانی هەرێمی کوردستان .

## Corresponding Author

abdulsamad.mohammed@univsul.edu.iq
blal.abdulqadir@univsul.edu.iq

## پوختە

وێنەی خود بەشێکی گرنگە لە کەسایەتی مرۆڤ و بنەمایەکە بۆ ئاڕاستەکردنی ڕەفتاری تاك ئیتر ئەو ڕەفتارە ئاسایی بێت یان شاز، ئەمەش پەیوەستە بەو ئەزموون و شارەزایی و ناکۆکییانەی کە تاك پێیدا تێپەڕیووە، چونکە ئەمانە وێنەی خود دیاری دەکەن بە وێنەیەکی ئەرێنی و پەسەند بەتایبەت لای ئەو تاکانەی کە باوەڕیان بە توانا و تێگەیشتنی خۆیان هەیە، یان بەشێوەیەکی نەرێنی لەلای ئەو تاکانەی کە کردەوەکانیان ناپەسەندە و گومانیان لە تواناکانیان هەیە.

لەم چوارچێوەیەشدا ڕازیبوونی خوێندکار لەپسپۆڕی خوێندنەکەی، فاکتەرێکی کاریگەرە بۆ سەرکەوتنی لەپسپۆڕی و پیشەی داهاتووی، بەئامانجی سەرکەوتن و بەدیهێنانی ئامانج و خولیا و ئاواتەکانی لەژیانی پیشەییدا.

ئامانجی توێژینەوەکە، بریتیە لە زانینی ئاستی وێنەی خود و ڕازیبوون لەپسپۆڕی خوێندن لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، هەروەها دۆزینەوەی پەیوەندی لەنێوان ئەو دوو گۆڕاوەدا بەگوێرەی گۆڕاوی: قۆناغی خوێندن و زانکۆ جیاوازەکان.

سنوری توێژینەوەکە، بریتیە لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢١_٢٠٢٢)، نموونەی توێژینەوەکە بریتیە لە خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، قۆناغی (یەکەم، سێیەم) کە ژمارەیان بریتیە لە (610) خوێندکار.

توێژەر بۆبەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە پشتی بە پێوەری (حمد، ٢٠٠٤) بەستووە بۆ وێنەی خود کە پێکهاتبوو لە (٦١) کە دواتر پاش پێداچوونەوە بەگوێرەی ڕادەی گونجاوی بڕگەکانی پێوەرەکە لەگەڵ نموونەی توێژینەوەکە، لەسەر پێشنیازی پسپۆڕان پێوەرەکە بوو بە (٤٦) بڕگە، پاشان توێژەر بەسوود وەرگرتن لەسەرچاوە زانستیەکان و توێژینەوەکانی پێشوو، پێوەری ڕازیبوون لەپسپۆڕی خوێندنی ئامادەکرد، بەگوێرەی هەنگاوەکانی ئامادەکردنی پێوەری زانستی، پاشان دەرهێنانی ڕاستگۆیی و جێگیری بۆ هەریەکێک لە پێوەرەکان.

دەتوانرێت گرنگی ئەم توێژینەوە لە چەند خاڵێکدا بخرێتەڕوو: بۆ مامۆستایان و خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان گرنگە، چونکە دەبێتە ڕێنیشاندەرێکی زانستی گرنگ سەبارەت بە وێنەی خود و پەیوەندی بە ڕازیبوون لەپسپۆڕی خوێندن لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان، هەروەها بەشێوەیەکی زانستی بەرپرسانی زانکۆ و مامۆستایانی بەشی باخچەی منداڵان زیاتر ئاشنا دەکات سەبارەت بە تێڕوانینی خوێندکاران بۆ خودی خۆیان و زانینی ئاستی ڕازیبوونیان لەپسپۆڕی

خوێندنیان، لەکۆتایدا سەرچاوەیەکی گرنگ دەبێت بۆ توێژەران و خوێندکارانی خوێندنی باڵا، کە دەیانەوێت لەم بوارەدا توێژینەوەی زانستی دیکە ئەنجامبدەن.

توێژینەوەکە بەگشتی گەیشتووە بەو ئەنجامانەی کە بەشێوەیەکی گشتی وێنەی خود و ڕازیبوون لەپسپۆڕی خوێندن، لەئاستێکی بەرزدایە، پاشان پەیوەندییەکی ڕاستەوانەی بەهێز لەنێوان هەر دوو گۆڕاوەکەدا هەیە، ئەمەش بەو بەڵگەیەی کە بەڵگەداری ئامارییان هەیە، هەروەها گۆڕاوە دیمۆگرافییەکانی وەک قۆناغی خوێندن (یەکەم و سێیەم)، کاریگەری نییە لە دروستکردنی جیاوازی لەسەر گۆڕاوەکان، بەڵام گۆڕاوە دیمۆگرافییەکانی وەک(زانکۆ جیاوازەکان) کاریگەری هەیە لە دروستکردنی جیاوازی لەسەر گۆڕاوەکانی وێنەی خود و ڕازیبوون لەپسپۆڕی خوێندن، بەگوێرەیی بەڵگەداری ئاماریی.

## پێشەکی:

**1_1 کێشەی توێژینەوە:**

چەمکی خود (وێنەی خود) لەلای خوێندکاران لایەنێکی گرنگە بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی مامەڵەکردنی تاک لەگەڵ ئەرکە ئەکادیمییەکان، چونکە زۆرێک لە خوێندکاران لە بازنەیەکی بەتاڵدا هەڵسوکەوت دەکەن، وابیردەکەنەوە کە ناتوانن بەباشی کار لەسەر چالاکییەکی تایبەت بکەن، بۆیە خۆیانی لێ بەدوور دەگرن و لێی دوور دەکەونەوە، هەوڵیش نادەن ڕاهێنانی لەسەر بکەن و کاتێکیش داوای وەڵامدانەوەیان لێدەکرێت ناتوانن بە باشی وەڵام بدەنەوە، بۆیە ئەزموونە نەرێنییەکان دەبنەهۆی کەمتوانای لە وەڵامدانەوە بەشێوەیەکی دروست، ئەمەش باوەڕبوون بەبێ توانایی لەلایان دروست دەکات، بۆیە قوربانی دەستی ئەو بێ بڕوابوونە تەنها خودی خۆیانن، خاڵی سەرەکیش ئەوەیە کە چەمکی نێگەتیفی خودی کاریگەرییەکی دووردرێژی دەبێت لەسەر دەستکەوتی ئەکادیمی. (عدس، ١٩٩9: 157). کێشەی هەڵبژاردنی پسپۆڕیی خوێندن و ڕازیبوون لێی لەلای خوێندکاران یەکێکە لە کێشە گەورە و بەرچاوەکان کە بەهۆی نەبوونی زانیاریی لە سروشتی ئەو بابەت و پسپۆڕییانە ڕووبەڕووی خوێندکارانی خوێندنی باڵا دەبێتەوە بەو ژمارە زۆرەی خوێندکار کە لە پسپۆڕییەکانیان دەخوێنن. (عیاد، ٢٠١١: ٢٠). هەروەها هەڵبژاردن و دیاریکردنی پیشە و ڕازیبوون لێی هۆکاری سەرکەوتنە لە ژیانی پیشەییدا. هەر دوو زانا(Holland & Nichols) لە توێژینەوەکەیاندا ئەوەیان دووپاتکردووەتەوە ئەگەر کەسێتیی پیشەیی خوێندکار گونجاوبێت لەگەڵ پسپۆڕیی ئەکادیمیی، ئەوا لە ژینگەی پیشەییدا ڕەنگدەداتەوە و سەرکەوتن بەدەستدەهێنێت. (الحمدانی، ٢٠٠٧: ٢٢٥). بۆیە لەم چوارچێوەیەدا (ئەمیتۆش) ئەوە دەخاتەڕوو کە ئەو هەستانەی کە پەیوەستن بە بەدیهێنانی تاک و ئامانجەکانی دەبنە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی ڕەزامەندی.(أمیطوش، 2017: 80). کێشەی ئەم توێژینەوەیە خۆی دەبینێتەوە لەم پرسیارانەدا:

- ✓ وێنەی خود لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان لە چ ئاستێکدایە؟
- ✓ ڕازیبوون لە پسپۆڕی خوێندن لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان لە چ ئاستێکدایە؟

**١_٢ گرنگیی توێژینەوەکە:**

وێنەی خود بەشێکی گرنگە لە یەکخستن و پێکەوەنانی کەسایەتییەکی بەهێز، بە جۆرێک یارمەتییماندەدات بۆ هەڵسەنگاندنی خود و پەرەسەندن و پەسەندکردنی خود و گەشەکردنی متمانەبەخۆبوون و نەهێشتنی دڵەڕاوکێ و پێکهێنانی ئاشتیی ناخۆیی، لەمانەیش زیاتر هاربکارە بۆ پێکهێنانی وێنەیەکی گونجاو بۆ خود، ئەگەر کەسێک هەرزەکار بێت یاخود بەتەمەن، ئەوا وێنە خودییە ئەرێنییەکەی دەتوانێت ژیانی بگۆڕێت بۆ باشتر و هێزی پێدەدات بۆ بەدیهێنانی خودی خۆی، هەروەها وێنەی خود کاریگەرییەکی بەهێزی هەیە لەسەر بەختەوەریی و ڕوانینی تاکەکان بۆ خودی خۆیان و بۆ ژیان. (حمد، ٢٠٠٤: ٢). بونیادنانی مرۆڤ لەسەر بنەمای کەسێتیەکی تەندروست بنەمایەکی بنەڕەتیە بۆ بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی پتەو، بەجۆرێک تاک ئەگەر وێنەیەکی خودی ئەرێنی هەبێت بۆ خودی خۆی ئەوا زامنی کۆمەڵگەیەکی درووست دەکات، چونکە مرۆڤ ئەو یەکە سەرەکیەیە کە کۆمەڵگەی لەسەر درووست دەبێت، هەروەها ڕۆڵێکی گرنگ و بنەڕەتی هەیە لەدروستکردن و بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگە. (براڤین، ٢٠١٠: ١٨٦). بەهۆی گرنگیی ئەو وێنەیەی کە تاک هەڵیدەگرێت بۆ خۆی و کاریگەریی لەسەر ژیانی هەیە، چەندیین لێکۆڵینەوە ئەنجامدراوە لەسەر وێنەی خود و پەیوەندیی بە گۆڕاوە جیاوازەکانی ترەوە، وەکو توێژینەوەی برۆدی و ئەوانی تر (Boride ,1994)، کە پەیوەندیی دۆزیەوە لەنێوان ڕازیبوونی تاک لە وێنەی جەستەیی و شڵەژانی دەرونیی، بە جۆرێک پەیوەندیی هەیە لە نێوان وێنەی خود و نرخاندنی خود لە لایەک و خەمۆکیی لە لایەکی ترەوە، بە شێوەیەک هەتا وێنەی خود گونجاوبێت ئەوا بڕوابەخۆبوون زیاددەکات و خەمۆکیی کەمدەبێتەوە. (کانبی، ٢٠١٠: ٤).

بۆیە گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەی خوارەوەدا خراوەتەڕوو:

1) ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات ئاستی دوو گۆڕاوی گرنگ و پەیوەندی نێوانیان بدۆزێتەوە کە کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر ژیانی خوێندکارانی زانکۆ و ئاستی زانستییان هەیە.
2) کارکردن لەسەر توێژێکی گرنگ و هەستیاری وەك نموونەی توێژینەوەکە کە خوێندکارانی زانکۆیە و داهاتووی کۆمەڵگە و وڵاتیان لەسەر بەندە.
3) دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە ڕەنگە یارمەتیدەرێکی گەورەی پسپۆڕ و توێژەر و ڕێنماییکارانی پەروەردەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی بێت بۆ دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی ئەو گرفتانەی کە ڕەنگە خوێندکار بە دەستیانەوە بناڵێنێت و بێئاگا بێت لێیان.
4) ئەم توێژینەوەیە سەرچاوەیەکی گرنگ دەبێت بۆ توێژەران و خوێندکارانی خوێندنی باڵا، کە دەیانەوێت لەم بوارەدا توێژینەوەی دیکە ئەنجامبدەن.
5) بڕگە وپێوەرەکانی ئەم توێژینەوەیە دەکرێت سوودبەخش بێت بۆ توێژەران و خوێندکارانی خوێندنی باڵا، کەبیانەوێت بەکاریبهێنن بۆ توێژینەوەی زانستی تر.

**١_٣ ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

ئامانجەکانی توێژەر لەم توێژینەوەیەدا بریتیە لە:

1) زانینی ئاستی وێنەی خود لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان.
2) زانینی ئاستی ڕازیبوون لە پسپۆڕی خوێندن لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان.
3) زانینی پەیوەندی نێوان وێنەی خود و ڕازیبوون لە پسپۆڕی خوێندن لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان.
4) دەرخستنی ڕۆڵی گۆڕاوە دیمۆگرافیەکان(قۆناغەکانی خوێندنی زانکۆیی، زانکۆ جیاوازەکان) لەسەر پەیوەندییەکە.

**١_٤ سنوری توێژینەوەکە:**

1) سنوری مرۆیی: خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان.
2) سنوری کاتی: ساڵی خوێندنی (2021_2022).
3) سنوری جوگرافی : زانکۆکانی (سەلاحەدین_هەولێر، سلێمانی، هەڵەبجە، گەرمیان، ڕاپەڕین) لە هەرێمی کوردستان.
4) سنوری بابەتی: وێنەی خود، ئاستی خواست، ڕازیبوون لەپسپۆڕی خوێندن.

**1_٥ پێناسەی چەمکەکان:**

**وێنەی خود :**

(حبیب، ٢٠١٠): بریتییە لە تێڕوانینی تاک بۆ خودی خۆی و ئەو وێنەیەی کە بۆ خۆی دەکێشێت، پاشان بەراوردکردنی بە ئەوانی تر لە ڕووی فۆڕمەوە، کە ئەمەیش سەرچاوەی سەرکەوتنی ڕەفتارە بە شێوەیەکی گشتیی لە وێنەی خودەوە. (حبیب، ٢٠١٠: ٢٩).

(ساڵح، ٢٠٢١): بریتییە لەو وێنە هزرییەی کە ئێمە لەناو مێشکماندا بۆ خۆمانمان کێشاوە، واتە بریتییە لە شێوازی ڕوانینی زیهنییمان بۆ خودی خۆمان، جا ئەو بینین و ڕوانینە ئەرێنیی بێت یا نەرێنیی. بەڵام زۆرێک لە ئێمە بەبێ ئەوەی خۆمان بیزانین هەڵگری وێنەی هزریی نەرێنیین دەربارەی کەسێتیی خۆمان و نەمانتوانیوە وێنەیەکی خودیی ڕاستەقینە بۆ خۆمان دروستبکەین، بەڵکو بەردەوامبووین لەسەر هەڵچنین و تەواوکردنی دیواری سەر ئەو بناغە لاواز و فشۆڵەی کە بە منداڵیی بۆ وێنەی خودی ئێمەیان دروستکردووە، وێنەی خودیی و کەسێتیی ئێمە بە پلەی نایاب بەرهەمهێنراوی ئەو ژینگە پەروەردەیی و خێزانیی و کۆمەڵایەتیی و کولتورییەیە کە ئێمە تێیدا ژیانمانکردووە و تێیدا گەورەبووین. (ساڵح، ٢٠٢١: ٥٠).

**ڕازیبوون لە پسپۆڕی خوێندن:**

بریتییە لە حاڵەتێکی دەروونیی کە گوزارشت لە ڕادەی پەسەندکردن و ئاسودەبوونی خوێندکاری زانکۆ دەکات لە پسپۆڕیی خوێندن، لەمیانەی ڕازیبوونی بە پرۆگرام و بڕیارەکانی خوێندن، دەستەی وانەبێژان و تێڕوانینی کۆمەڵایەتیی بۆ پسپۆڕییەکەی لە پیشەی داهاتووی. (الرشیدی، 2018: 34).

پێناسەی(علی،2001): بەمانای ڕادەی تێرکردنی پێداویستیە سەرەتایی و بنەڕەتیەکانی خوێندکار لە ماوەی خوێندنی زانکۆیی و ڕەزامەندبوونی دێت، لە چوارچێوەی هۆکارە پێکەوە بەستراوەکان بە پسپۆڕی خوێندن و کاریگەریی لەسەر ڕازیبوون بە پسپۆڕیی و کار و پیشە. (عطیة، 2008: 7).

**بەشی دووەم**

**چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو**

**أ- چوارچێوەی تیۆری:**

**٢_١وێنەی خود (صورة الذات):**

بابەتی خود مەودایەکی فراوانی لە بوارە دەروونی و کۆمەڵایەتی و فەلسەفیەکاندا داگیرکردووە ئەمەش بەهۆی گرنگییەکەیەوە دێت لە ژیانی تاکەکاندا کە پێداچوونەوەی ئەدەبی دەکەن لە بواری خوددا، بۆیە دەگەین بەو ئەنجامەی کە خود ڕەهەندێکی بنەڕەتی لە کەسایەتیدا پێکدەهێنێت. (حمد، 2004: 22).

وێنەی خود پێکهاتەیەکی مەعریفی ڕێکخراو و پەروەردەکراوە بۆ هەست کردن و پێشبینی کردن بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی تایبەت بە خود، لە هەمان کاتدا چەمکی خود لەلای تاک پێکهاتووە لە بیرۆکەکان دەربارەی خۆی وەکو پێشبینیەکان و تێگەیشتنەکان بۆ دیاری کردنی تایبەتمەندییەکانی. (یوسف، 2011: 41).

مەبەستمان لە وێنەی خود هەموو لایەنەکانی هۆشیاریی خودی دەگرێتەوە لە تایبەتمەندییەکان کە درکپێدەکەین لەوانەیش وەکو بیرۆکەکان و هەڵوێستەکان و بەهاکان و عادەتەکان کە دەتوانین درکیانپێبکەن و پشکنینان بۆ بکەین و گفتوگۆیان لەبارەوە بکەین لەگەڵ ئەوانی تردا ئەگەر بمانەوێت، بۆیە لێرەدا پێویستە ئاماژە بە هەندێک لایەنی خودی بدەین وەکو خودی هۆشیار بە شێوەیەکی تەواو و خودی کەمێک ناهۆشیار و خودی ناهۆشیار بە تەواویی لە هۆشی تاکدا، بەم جۆرە دەتوانین وێنەیەکی خودی دروست وێنابکەین شێوەیەکی ڕێژەیی. (p.98 : 1972, Sartain et al).

**٢_٢ڕازیبوون لەپسپۆڕی خوێندن:**

ڕازیبوون لەپسپۆڕی خوێندن بریتیە لە هەستێکی ناوەکیی لەلای تاک کە لە ڕەوشت و ڕەفتارەکانیدا ڕەنگدەداتەوە، ڕازیبوون واتە ڕادەیی حەزلێبوون و پەسەندی لە ژینگەی خوێندن کە ئاماژەیە بۆ پسپۆڕی خوێندن، هەروەها ڕازیبوون لە پێداویستییەکانی خوێندن و ئاستی فێرکاران و ئەدای دەستەی وانەبێژان و شێوازەکانی هەڵسەنگاندن و تاقیکردنەوە. (بکیر، ٢٠١٥: 207).

ڕازیبوونی تاک لە پسپۆڕی گرنگییەکی زۆری هەیە چونکە زۆرجار بە ئاماژەیەکی گرنگ بۆ پێوانەی ماوەی کاریگەری ئاست دادەنرێت، بۆیە ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی ڕازیبوونی تاک بەرز بێت ئەوا دەبێتە هۆی ئەنجامێکی پەسەند و سەرکەوتن، هەروەها ڕازیبوون لە خوێندن و پسپۆڕی پێشبینی سەرکەوتنی خوێندکاران دەکات لەسەر بنەمای گرنگی لە داهاتوودا، بۆیە ڕەنگە بنەمای سەرەکی بۆ گونجانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی بەشێوەی سەرەتایی و کۆتایی پەیوەست بێت بە ڕازیبوون لە ژیان. (شیبوط وأخرون، 2020: ١٩).

بۆیە هەڵبژاردنی پسپۆڕیی ئەکادیمی یەکێکە لە گرنگترین ئەو بڕیارانەی کە قوتابیی لە ماوەی خوێندنیدا دەیدات کە تیایدا بەدوای بژاردەی خۆیدا دەگەڕێت و هەڵیدەبژێرێت بۆ داهاتووی، بۆیە گرنگە ئەم بڕیارە لەسەر بنەمای ڕەزامەندیی قوتابیی بێت هەتا لە بواری ئەکادیمییدا سەرکەوتووبێت. (حنی، 2014: 33).

**ب- توێژینەوەکانی پێشوو:**

**تایبەت بە وێنەی خود:**

**توێژینەوەی (حمد: 2004) : بەناونیشانی "صورة الذات وعلاقتها بالتفاعل الإجتماعي لدى طلبة الجامعة"**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دروستکردنی پێوەرێکە بۆ وێنەی خود لای خوێندکارانی زانکۆ، هەروەها پێوانەکردنی وێنەی خود و کارلێککردنی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ، پاشان زانینی جیاوازی بۆ وێنەی خود و کارلێککردنی کۆمەڵایەتی لای نموونەی توێژینەوەکە بەگوێرەی گۆڕاوی ڕەگەز (کوڕ و کچ)، بەگوێرەی پسپۆڕی (مرۆڤایەتی و زانستی)، لەکۆتایدا ئامانجی توێژینەوەکە زانینی پەیوەندییە لەنێوان وێنەی خود و کارلێککردنی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ، نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە (320) خوێندکار لە هەر چوار کۆلێجی زانکۆی بەغداد، ئەمە سەرەڕای دروستکردنی پێوەرێک لە (350) خوێندکاری زانکۆی بەغداد، هەروەها توێژەر پشتی بە پێوەری التميمي (1993) بەستووە بۆ پێوانەکردنی کارلێککردنی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆ، توێژینەوەکە پشتی بە میتۆدی وەسفی بەستووە.

توێژەر پێوانەی دەروونی بەکارهێناوە بۆ شیکردنەوەی ئاماریی بۆ پێوەرەکەی بەمەبەستی داڕشتنی بڕگەکان و جیاکاری بڕگەکان و ڕاستگۆی ناوەڕۆک بۆ پێوەرەکەی، بەئامانجی شیکردنەوەیەکی گونجاو و لۆژیکییانە بۆ پێوەرەکەی پاشان دەرهێنانی ڕاستگۆی ڕواڵەتی و ڕاستگۆی ناوەڕۆک و جێگیری بەڕێگای شیکردنەوەی جیاکاری(التحليل التباين) و هاوکۆلکەی هوایت کە گەیشتە بەهای جێگری (0,87)، هەروەها بەڕێگای دووبارەکردنەی تێستەکە گەیشتە بەهای (0,85)، هەروەها بەڕێگای بەشکردنی نیوەی (التجزئه النصفيه) گەیشتە بەهای (0,79). هەروەها توێژەر ڕاستگۆیی ڕواڵەتی و ڕاستگۆی ناوەڕۆکی دەرهێناوە بۆ پێوەری کارلێککردنی کۆمەڵایەتی بەبەهای (0,83)، پاشان بەکارهێنانی ئامرازی ئاماری گونجاو وەکو تێستی یەک نموونە و دوو نمونەی سەربەخۆ و هاوکۆلکەی پەیوەندی و هاوکۆلکەی سپێرمان براون، لەکۆتایدا توێژینەوەکە گەیشت بەم ئەنجامانەی خوارەوە:

- بنیادنانی و دروستکردنی پێوەری وێنەی خود لای خوێندکارانی زانکۆی بەغداد.
- خوێندکارانی زانکۆ ئاستێکی بەرزی وێنەی خودییان هەیە بەگوێرەی ئاستی بەڵگەداری (0,001).
- خوێندکارانی زانکۆ ئاستێکی بەرزی کارلێککردنی کۆمەڵایەتییان هەیە بەگوێرەی ئاستی بەڵگەداری(0,001).
- بوونی پەیوەندییەکی ئەرێنی بەهێز لە نێوان وێنەی خود و کارلێککردنی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی زانکۆی بەغداد. (حمد: 2004).

**توێژینەوەی (عرطول: 20٠6 (: بە ناونیشانی "صورة الذات لدى عينة البرنامج الدولي الدارسين في الجامعات الأردنية".**

ئەم توێژینەوەیە ئامانجی دەستنیشانکردنی وێنەی خودە لەلای خوێندکارانی فەلەستینی کە لە زانکۆکانی ئوردون دەخوێنن، پاشان زانینی پەیوەندیی وێنەی خود بە گۆڕاوی ڕەگەز (کوڕ وکچ) و گۆڕاوی ئاستی خوێندنەکەیان. نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە (319) خوێندکاری کوڕ و کچی فەلەستینی کە لە زانکۆکانی ئوردون دەخوێنن لە پسپۆڕییە جیاوازەکان لە قۆناغی یەکەم و چوارەمدا، توێژەر پاش بەکارهێنانی پێوەری (پیرس_هاریس) بۆ چەمکی خود، پاش بەکارهێنانی ئامراز ئامارییەکان توێژینەوەکە بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشت:

- ئاستی وێنەی خود لەلای نموونەی توێژینەوەکە مامناوەندییە.
- نەبوونی جیاوازیی بەڵگەداری ئاماریی بەگوێرەی ئاستی بەڵگەداری (0,05) بۆ وێنەی خود لەلای نموونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (کوڕ وکچ).
- نەبوونی جیاوازیی بەڵگەداری ئاماریی بەگوێرەی ئاستی بەڵگەداری (0,05) بۆ وێنەی خود لەلای نموونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی ئاستی خوێندن (قۆناغی یەکەم و چوارەم) لەمیانەی تەوەرەکانی وەکو (ڕەفتار، دڵەڕاوکێ، لایەنی فسیۆلۆجیی، ڕازیبوون، بەختەوەریی).
- بوونی جیاوازیی بەڵگەداری ئاماریی بەگوێرەی ئاستی بەڵگەداری (0,05) بۆ وێنەی خود لەلای نموونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی ئاستی خوێندن (قۆناغی یەکەم و چوارەم) لەمیانەی تەوەرەکانی وەکو (بیرکردنەوە، شوێنی زانکۆی) لە بەرژەوەندیی قۆناغی چوارەم.
- لە کۆتاییدا توێژەرەکە چەند پێشنیاز و ڕاسپاردەیەکی پەیوەست بە توێژینەوەکەیەوە خستووەتەڕوو. (عرطول: 20٠6).

**تایبەت بە ڕازیبوون لەپسپۆڕی خوێندن:**

**توێژینەوەی (میسة و اخرون: 2014) بەناونیشانی: " الرضا عن التخصص الدراسي وعلاقتة بمستوى الطموح لدى الطالب الجامعي".**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی پەیوەندییە لە نێوان ڕازیبوون لە پسپۆڕیی خوێندن و ئاستی خواست لەلای خوێندکارانی قۆناغی یەکەمی زانکۆ، ئەم توێژینەوەیە دوو گریمانەی گشتیی داناوە کە بەم شێوەیە بوون: گریمانەی یەکەم: ئەوە دەخاتەڕوو کە هیچ پەیوەندییەکی بەڵگەداری ئاماریی نییە لە نێوان ڕازیبوون لە پسپۆڕیی خوێندن و ئاستی خواست لەلای نموونەی توێژینەوەکە. گریمانەی دووەم: ئەوە دەخاتەڕوو کە هیچ جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماریی نییە لە نێوان ڕازیبوون لە پسپۆڕیی خوێندن و ئاستی خواست بەپێی گۆڕاوی ڕەگەزیی و پسپۆڕیی بۆیە لەژێر ئەم گریمانەیەدا چوار گریمانەی لاوەکیی تر دانراون. نموونەی توێژینەوەکەی بریتیبووە لە (89) خوێندکار لە هەردوو ڕەگەز لە ساڵی یەکەمی خوێندنیان لە هەردوو پسپۆڕیی وێژەیی و زانستیی بۆ ساڵی خوێندنی (2013_2014)، وبەکارهێنانی ئامرازەکان بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان: بەپێی پێوەری ڕازیبوون لە پسپۆڕیی خوێندن، پێوەری ئاستی خواست، ئەنجامدانی توێژینەوەکە لە ڕێگەی میتۆدی وەسفیی (پەیوەندیی، جیاوازیی)ەوە بەکارهێنانی ئامرازە ئامارییەکانی وەکو: (تێستی (ت) بۆ جیاوازیی، هاوکێشەی پەیوەندیی

پێرسۆن، ناوەندە ژمێرەیی، لادانی پێوەریی) بۆ دەرخستنی ئەم ئەنجامانە :پەیوەندیی هەیە لە نێوان ڕازیبوون لە پسپۆڕیی خوێندن و ئاستی خواست لەلای نموونەی توێژینەوەکە، جیاوازیی بەڵگەداری ئاماریی نییە لە نێوان کوڕ و کچ بۆ ڕازیبوون لە پسپۆڕیی خوێندن و ئاستی خواست.

**توێژینەوەی (حني: 2015) بەناونیشانی: "جودة الحياة وعلاقتة بالرضا عن التخصص الدراسي لدى الطالب الجامعي"**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی سروشتی پەیوەندییە لە نێوان کوالێتی ژیان و ڕازیبوون لە پسپۆڕی خوێندن لای خوێندکارانی زانکۆ، وە خستنەڕوو و ناساندنی ئەو پەیوەندییە دەربارەی کوالێتی ژیان و ڕازیبوون لە پسپۆڕی خوێندن بە پێی ڕەگەز و جۆری پسپۆڕی، توێژینەوەکە ئەنجامدراوە لەسەر (100) خوێندکار لە زانکۆی (حمة لخضر بالوادي) بۆ ساڵی خوێندنی(2015)، توێژینەوەکە پشتی بە میتۆدی وەسفی بەستووە، وە بەکارهێنانی ئامرازە ئامارییەکانی وەکو: (تێستی(ت) بۆ جیاوازی، شیکردنەوەی جیاوازی، لادانی پێوەری، بۆ دەرخستنی ئەم ئەنجامانە : هیچ پەیوەندییەکی بەڵگەداری ئاماری نییە لە نێوان کوالێتی ژیان و ڕازیبوون لە پسپۆڕی خوێندن لای خوێندکارانی زانکۆ، جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نیە لە نێوان کوڕ و کچ بۆ کوالێتی ژیان بە پێی جیاوازی پسپۆڕی زانکۆیی. (حني: 2015).

**بەشی سێیەم**

**ڕێککاری توێژینەوەکە**

**هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی توێژینەوەکە:**

**٣_١ میتۆدی توێژینەوەکە:**

توێژەر بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی لەجێبەجێکردنی هەنگاوە زانستییەکانیدا، میتۆدی (وەسفی_ پەیوەندی)، بەکارهێناوە. ئاشکرایە کە میتۆدی وەسفی ئەو دیاردەیە دەخوێنێتەوە کە لە واقیعدا هەیە بەوەسفکردنێکی ورد وناساندنی چۆنییەتی دیاردەکە و ڕوونکردنەوەی تایبەتمەندییەکانی، هەروەها چەندێتی لەمیانەی وەسفی ژمارەیی، کە بڕی دیاردەکە و قەبارەکەی پیشاندەدات، لەگەڵ ئاستی پەیوەستبوونی بە دیاردەکانی ترەوە (محمد، ٢٠١٢: ٨٩).

**٣_٢ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:**

کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتییە لە کۆی ئەو یەکە و ڕەگەزانەی دیاردەیەک، کە توێژەر لەبارەیەوە توێژینەوە ئەنجامدەدات، دەگونجێت ئەو یەکەو ڕەگەزانە تاک، خێزان، قوتابخانە، کارگە، یاخود دامەزراوە بێت (البطش وأخرون، 2007: 97). کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیەش پێکدێت لە خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، کە ژمارەیان بریتییە لە (١١٩٤) خوێندکار لە زانکۆکانی (سلێمانی، سەلاحەددین_هەولێر، گەرمیان، ڕاپەڕین، هەڵەبجە).

**٣_٣ نموونەی توێژینەوەکە:**

بریتیە لەبەشێک لەو کۆمەڵگەیەی کە خەسڵەتێکی هاوبەشی تێدایەو نوێنەرایەتی کۆمەڵگەکەی دەکات (بۆکانی، 2016: 126). نموونەی ئەم توێژینەوەیەش کەبەشێوەی مەبەستدار هەڵبژێردراوە، پێکدێت لە خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان، قۆناغی(یەکەم و سێیەم )، ئەمەش لەبەرئەوەی کە توێژەر مەبەستی بووە کە جیاوازی بدۆزێتەوە بەگوێرەی قۆناغی خوێندن، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە (زانکۆی هەڵەبجە_ بەشی باخچەی منداڵان) قۆناغی چواریان نیە، بۆیە ژمارەی نموونەی توێژینەوەکە بریتییە لە (٦١٠) خوێندکار لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان (سلێمانی، سەلاحەددین_هەولێر، گەرمیان، ڕاپەڕین، هەڵەبجە).

**٣_٤ ئامرازەکانی توێژینەوەکە**:

بۆکۆکردنەوەی زانیاری و بەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوە، (فۆرمی ڕاپرسی) بەکارهاتووە، بۆ ئامادەکردنی ئامرازی توێژینەوەکە، سوود لە خوێندنەوەی چەند سەرچاوەیەکی زانستی دەربارەی گۆڕاوەکان وتوێژینەوەکانی پێشوو وەرگیراوە، توێژەر بەسوود وەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو وسەرچاوە زانستییەکان پێوەری وێنەی خودی وەرگرتووە لە توێژینەوەی (حمد، 2004)، هەروەها پێوەری (ئاستی خواست) و (ڕازیبوون لە پسپۆڕی خوێندن)ی ئامادەکردووە، پاشان توێژەر ڕێکارەکانی ئامادەکردنی پێوەرەکانی بەئەنجام گەیاند وەکو ڕاستگۆی و جێگیری بەم شێوەیەی خوارەوە:

**٣_٤_١ پێوەری وێنەی خود:**

توێژەر پێوەری وێنەی خودی وەرگرتووە لە توێژینەوەی (حمد، 2004)، کە پێکهاتبوو لە (61) بڕگە، پاش پێداچوونەوە و ڕێکخستنی بەپێی ڕادەی گونجانی لەگەڵ توێژینەوەی بەردەست (47) بڕگەی لێوەرگیرا، بۆیە توێژەر پشتی بەپێوەری وێنەی خود بەستووە لە توێژینەوەی (حمد، 2004)، لەبەر ئەم هۆکارانە:

- کۆمەڵگەی توێژینەوەی بەردەست و کۆمەڵگەی توێژینەوەی (حمد، 2004) کە توێژەر وەکو پێوەر پشتی پێ بەستووە، بریتیە لە خوێندکارانی زانکۆ.
- ئەم پێوەرە ڕاستگۆیی و جێگیرییەکی باشی هەیە، هەروەکو لە توێژینەوەی (حمد، 2004) خراوەتەڕوو.

بەم شێوەیە توێژەر بەشێوەیەکی سەرەتایی، هەر (47) بڕگەکەی لە فۆڕمێکی ڕاپرسیدا ئامادەکرد. (پاشکۆی ژمارە 2).

پاشان توێژەر ڕێکارەکانی ئامادەکردنی پێوەرەکەی بەئەنجام گەیاند وەکو ڕاستگۆی و جێگیری بەم شێوەیەی خوارەوە:

**أ- ڕاستگۆی پێوەرەکە:**

ڕاستگۆی یەکێکە لە تایبەتمەندییە زانستییەکانی هەر پێوەرێک لەبواری توێژینەوەی زانستیدا، بۆئەوەی ئامرازی توێژینەوەکە بەئامرازێکی درووست دابنرێت کەتوانای پێوانەکردنی دیاردەی باسلێکراوی هەبێت (إبراهيم، ٢٠٠٠: ٤٣).

ڕاستگۆی یەکێکە لەو پێویستیانەی، کە دەبێت لەئامڕازەکاندا هەبێت، بەجۆرێک ڕاستگۆی لەسەر دوو بنەمای گرنگ وەستاوە، ئەوانیش ئەو ئەرک و فرمانانەن، کەبۆی ئامادەکراوە، لەگەڵ ئەو گروپ و کۆمەڵەی کە ئامرازەکەی بەسەردا جێبەجێدەکرێت (علام، ۲۰۰۲: ۱۰۵).

پاشان توێژەر بۆ پێوەری وێنەی خود (ڕاستی ڕواڵەتی) دەرهێناوە، کە بریتییە لە ڕادەی دەستنیشانکردنی دڵنیایی لەلایەن پسپۆڕانەوە بۆ برگەکان، کەئایا ئەو برگانە هەمان چەمکی باسلێکراو دەپێوێت، یان نا؟ ئەم جۆرەش لەڕاستی پشت بەهەڵسەنگاندنی شارەزایان و پسپۆڕانی بواری پەروەردەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی دەبەستێت. توێژەر دوای ئەوەی بەشێوەیەکی سەرەتایی، بەو شێوەیەی کەلە سەرەوەدا ئاماژەی پێکراوە، فۆرمێکی ڕاپرسی ئامادەکرد، بەمەبەستی هەڵسەنگاندن وگونجان ونەگونجانی برگەکان و هەرتێبینی وسەرنجێک کە هەبێت، بۆ ئەم مەبەستە فۆرمی ڕاپرسییەکەی خستەبەردەستی (١٥) پسپۆڕ وشارەزا لەبواری دەروونناسیی و پەروەردەیی و ڕێگاکانی وانەوتنەوە و درووستی دەروونی وکەسایەتی. (پاشکۆی ژمارە ٣)، بۆیە باشترین ڕێگە بۆ دڵنیابوون لەدروستی ڕواڵەتی پێوەر، پیشاندانی برگەکانە بەکۆمەڵێک شارەزا بۆ بڕیاردان لەسەر دروستی برگەکان، کە ئایا هەمان بابەتی باسلێکراو دەپێوێت؟

بۆ دەرخستنی ڕاستیی پێوەری توێژینەوەکە، سەبارەت بە پێوەری وێنەی خود، لەبەر ڕۆشنایی سەرنج و ڕێنماییەکانی پسپۆڕاندا (٣١) برگە لەلایەن هەر (١٥) پسپۆڕەکەوە پەسەندکران وڕێژەی (100%) یان بەدەستهێنا و بەبێ هیچ دەستکارییەک وەکو خۆیان مانەوە، (١٢) برگەش ڕێژەی (93%) و (٣) برگەش ڕێژەی (٨٦%) یان بەدەستهێنا، (١) برگەش ڕێژەی (٥٣%) ی بەدەستهێنا، بۆیە لابرا. بەپێی بۆچوونی شارەزایان ئەو برگانە مانەوە کەڕێژەی ڕێککەوتن لەسەر مانەوەیان (٩٨%)بوو، ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزە ولەڕووی زانستییەوە پەسەنددەکرێت، لەم ڕووەوە ئاماژە بەوە کراوە کاتێک کۆدەنگی پسپۆڕان (٧٥%) یان زیاتربێت ئەوا پەسەند دەکرێت لەلایەنی ڕاستی ڕواڵەتییەوە (الزوبعی، ١٩٨١: ٤٤). بەپێی ڕێژەی سەدی برگەکان پەسەندکراون وەکو لە خشتەی (١) ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی (١)

ڕێژەی سەدیی برگەکان بەپێی بۆچوونی شارەزایان سەبارەت بە وێنەی خود

| زنجیرەی برگەکان | ژمارەی برگەکان | ڕای شارەزایان | | ڕێژەی سەدیی | دەرئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|
| | | پەسەند کراو | پەسەند نەکراو | | |
| 1، 2، ٣، 5، ٦، 10، ١٣، 14، ١٥، ١٦، ١٧، ١٨، ١٩، ٢٠، ٢١، ٢٢، ٢٣، ٢٥، ٢٦، ٢٨، ٢٩، ٣٠، ٣١، ٣٢، ٣٥، ٣٦، ٤٠، 41، ٤٢، ٤٥، ٤٧ | ٣1 | 15 | ٠ | %1٠٠ | مایەوە |
| 4، ٧، ٨، ٩، 11، 1٢، ٢٤، ٢٧، ٣٣، ٣٤، ٣٨، ٣٩ | ١٢ | 14 | 1 | %٩٣ | مایەوە |
| ٤٣، ٤٤، ٤٦ | ٣ | 13 | 2 | %٨٦ | مایەوە |
| ٣٧ | ١ | 8 | ٧ | %٥٣ | لابرا |

**جێگیری:**

چەمکی جێگیریی بەواتای ئەوە دێت کە پێوەرەکە هەمیشە بتوانێت هەمان ئەنجام بەدی بهێنێتەوە، ئەگەر دووجار بەسەر هەمان گروپدا جێبەجێکرا. (بۆکانی، 2016: 177). باوترین ڕێگەی دەرهێنانی جێگیریی ئامراز، ڕێگەی دووبارە تاقیکردنەوەی پێوەرە بەسەر نموونەیەکی بچووکی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، بەمەبەستی بەدەستهێنانی دوو ئەنجام، دواتر دۆزینەوەی پەیوەندی لە نێوانیاندا، پێوەری گونجاویش ئەو پێوەرەیە کە لە ماوەی نێوان دوو تا سێ هەفتەدا، لە نێوان دوو ئەنجامی پراکتیزەدا هاوکێشەیەکی پەیوەستی بەهێزی هەبێت. (دیلوی، 2006: 166).

ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت کە چەند جار ئەو تێستە دووبارە و پراکتیزە بکەینەوە لەسەر هەمان نموونە، ئەوا دەبینین هەمان دەرئەنجام یان نزیك لەومان دەداتێ. (قەرەچەتانی، 2018: 130).

توێژەر بۆ دەرهێنانی جێگیری پێوەری وێنەی خود، پشتی بەم ڕێگایانە بەستووە:

**1) ڕێگای دووبارە تاقیکردنەوە:**

بۆ دەرهێنانی جێگیریی پێوەرەکە، بۆ پێوەری (وێنەی خود)، توێژەر ڕێگای دووبارە تاقیکردنەوەی بەکارهێنا، کە بریتی بوو لە (40) خوێندکار لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، لەماوەی نێوان (21) ڕۆژدا دووجار وەڵامی پرسیارەکانی پێوەرەکەیان دایەوە لەبەرواری (2022/4/4) بۆ بەرواری(2022/4/25). لەڕێگەی بەکارهێنانی (هاوکێشەی پێرسۆن_-Person) ەوە، ڕادەی پەیوەستبوونی هەردوو تاقیکردنەوەکە دەرکەوت بەهای جێگیریی پێوەرەکە بریتییە لە (٠,٩٨%) ئەمەش مانای وایە جێگیریی لە ئاستێکی بەرزدایە و گونجاوە بۆ جێبەجێکردن، ئەم ڕێژەیەش بەباش و گونجاو دادەنرێت ئەگەر بەراورد بکرێت بە پێوەرە گشتیەکانی

هەڵسەنگاندنی هاوکۆلکەی پەیوەندی، کە ئاماژەی کردووە بەوەی ئەگەر هاوکۆلکەی پەیوەندی دووجا کراو (ر٢) و بەهاکەی لەنێوان (٥٠,٠ _ ٠,٧٥) بە بەهێز و زیاتر لە (٠,٧٥) بەزۆر بەهێز دادەنرێت (البياتي و زكريا، ١٩٩٧: ١٩٤). واتا ئامرازەکە بە زانستی دادەرێت و دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکانی توێژینەوەکە. وەك لە خشتەی (2) خراوەتەڕوو.

خشتەی (2)

هاوکۆلکەی جێگیری بۆ پێوەری وێنەی خود لەنێوان جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی یەکەم و دووەم

| جێگیری ئامرازەکە بەپێی هاوکۆلکەی پێرسۆن | | | | |
|---|---|---|---|---|
| پێوەری وێنەی خود | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | هاوکۆلکەی پێرسۆن | بەهای بەڵگەداری |
| تاقیکردنەوەی جاری یەکەم | 169:3000 | ١٤,٢٧٢٤٤ | ٠,٩8 | ٠,٠٠١ |
| تاقیکردنەوەی جاری دووەم | ١٦١,٠٧٥٠ | ١٤,٢٧٠٩٨ | | |

**2) هاوکۆلکەی جێگیری ئەلفاکرۆنباخ بۆ برگەکانی وێنەی خود:**

توێژەر بۆ پێوانەی جێگیری برگەکان پشتی بەڕێگەی ئەلفاکرۆنباخ بەستووە، کەیەکێکە لەڕێگەکانی دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی گونجاندنی ناوەکی، بەجۆرێک ڕێژەی جێگیری پێوانەکە بۆ پێوەری وێنەی خود بریتی بوو لە (0.752%) کە ئەمەش جێگیرییەکی پەسەندە، بەمەش دەردەکەوێت کە هاوکۆلکەکە (جێگیری نایاب)ە، واتە بەشێوەیەکی گشتی فۆرمی ڕاپرسییەکە بە دروستی وەڵام دراوەتەوە.

**٣_٤_٢ پێوەری ڕازیبوون لە پسپۆڕی خوێندن:**

توێژەر بۆ ئامادەکردنی پێوەری ڕازیبوون لەپسپۆڕی خوێندن کە پێکهاتووە لە (38) برگە، برگەکانی بەم شێوەیە بەدەستهێنا: (8) برگەی لە توێژینەوەی (حنی، ٢٠١٤)، کە بریتی بوون لە برگەکانی(حەزم لە پسپۆڕی خوێندنەکەمە، شانازی دەکەم بە هەڵبژاردنی پسپۆڕییەکەمەوە، حەزم لە بەدواداچوونی زانستی هەیە لە بواری پسپۆڕییەکەمدا، هەڵبژاردنی پسپۆڕییەکەم گونجاوە لەگەڵ توانا و ئامادەباشییەکانم، پسپۆڕی خوێندنی زانکۆییم لە ئاستی خواستەکانمدایە، پەشیمان نیم لە هەڵبژاردنی پسپۆڕییەکەم، پسپۆڕییەکەم دەرفەتم پێدەبەخشێت کە شارەزایی پیشەیی پێویست بەدەستبهێنم، هەست بەنیگەرانی دەکەم کاتێک بیر لە داهاتووی پیشەکەم دەکەمەوە لە ماوەی خوێندنم لەم پسپۆڕییەدا). (7) برگەی لە توێژینەوەی (نسیمە، ٢٠١٤)، کە بریتی بوون لە برگەکانی(ڕازیبوونم بە هەڵبژاردنی پسپۆڕییەکەم بۆ سوودی کۆمەڵگەیە، زانیاری پێشووم دەربارەی سروشتی ئەم پسپۆڕییە وای لێکردم کە لەم بەشە بخوێنم، بەهۆی نمرەکەمەوە لەم پسپۆڕییە وەرگیراوم نەک بە ویستی خۆم، هەست بە ناڕەحەتی دەکەم کاتێک تێدەکۆشم بۆ بابەتی پسپۆڕییەکەم، خوێندنم لەم پسپۆڕییەدا وام لێدەکات خۆم ئامادەبکەم بۆ پیشەی داهاتووم، هەست دەکەم داهاتووم ڕوونە لەم پسپۆڕییەدا، گرنگی دەدەم بەهەموو بابەتێکی نوێی پەیوەست بە پسپۆڕی خوێندنەکەمەوە). (8) برگەی لە توێژینەوەی (میسە، 2013)، کە بریتی بوون لە برگەکانی(بڕوام وایە ئاسودەتر دەبووم ئەگەر لە پسپۆڕییەکی تر بم خوێندبایە، لەپسپۆڕییەکەم ڕازیم چونکە هاوکاریم دەکات لە زانین و ئاشکراکردنی تواناکانمدا، ڕێگاکانی وانەوتنەوەی بەشەکەم یارمەتیمدەدەن کە پشت بەخۆم ببەستم بۆ تەواوکردنی کارەکانم و سەرکەوتن تیایاندا، بە ئاسانی تێدەگەم لە بابەتەکانی خوێندنی پسپۆڕییەکەم، بابەتەکانی خوێندنی بەشەکەم هاندەرن بۆ زیاتر ڕازیبوونم لە پسپۆڕییەکەم، بڕوام بە توانای مامۆستاکانم هەیە لە بواری پسپۆڕییەکەمدا، هەست بە گرانی تێگەیشتن دەکەم لە بابەتەکانی خوێندنی پسپۆڕییەکەم، هاوکاری هاوپۆلەکانم دەکەم ئەگەر داوای یارمەتیم لێ بکەن). (7) برگەی لە توێژینەوەی (شافو، 2016)، کە بریتی بوون لە برگەکانی(بابەتەکانی پەیوەست بە پسپۆڕییەکەم سوودی زانستییان هەیە، شێوازەکانی وانەوتنەوە لەبەشەکەمدا سەردەمییە و هەموو ئامرازەکانی تێدا بەکاردەهێنرێت، پسپۆڕییەکەم پێکەوەبەستراوی لایەنی تیۆری و پراکتیکییە، گرفتەکانی قۆناغی خوێندنم کاریگەرییان هەیە لەسەر ئارەزووی خوێندنم لەم پسپۆڕییەدا، بڕوام بە دابەشکردنی نمرەکان هەیە لەلایەن مامۆستای بابەتەکانمەوە بەشێوەیەکی یەکسان، بڕوام وایە خوێندکارەکانی هاوپۆلم بەشدارییەکی کارایان هەیە لە چالاکییەکانی فێرکردندا، هەست بە خۆشی و ئارامی دەکەم لە کاتی بەشداری کردن لە چالاکییەکان لەگەڵ هاوپۆلەکانم). (8) برگەی لە توێژینەوەی (مولاتی، 2019)، کە بریتی بوون لە برگەکانی(شێوازەکانی هەڵسەنگاندن هەمەجۆرن لە پسپۆڕییەکەمدا و هەلی سەرکەوتنم پێدەبەخشن وەک (کاری ڕێنیشاندەر، پێشکەشکردن، تاقیکردنەوەکان)، هەوڵدەدەم سەرچاوەی بەسود دەستبخەم لە بواری پسپۆڕی خۆم، ڕێگاکانی پێشکەشکردنی توێژینەوە ڕۆتینی و بێزارکەرە، شێوازەکانی هەڵسەنگاندنی بەشەکەم لاوازن و پاڵنەرنین بۆ خوێندن، هەست بە ڕازیبوون دەکەم لە شێوازی مامەڵەی مامۆستاکانی بەشەکەم، ئاگاییم پەرت دەبێت لەکاتی پێشکەشکردنی وانەکاندا، بڕوام وایە هەندێک لە هاوپۆلەکانم خۆیانم لێ بەدوور دەگرن، هەست بە بەختەوەری دەکەم کە لەگەڵ هاوپۆلەکانم دەخوێنم). بەم شێوەیە توێژەر بەشێوەیەکی سەرەتایی و بەپێی بوارەکان، هەر (38) برگەکەی لە فۆرمێکی ڕاپرسیدا ئامادەکرد. (پاشکۆی ژمارە 2).

**أ- ڕاستگۆی:**

ڕاستگۆی یەکێکە لە تایبەتمەندییە زانستییەکانی هەر پێوەرێک لەبواری توێژینەوەی زانستیدا، بۆئەوەی ئامرازی توێژینەوەکە بەئامرازێکی درووست دابنرێت کەتوانای پێوانەکردنی دیاردەی باسلێکراوی هەبێت (إبراهیم، ٢٠٠٠: ٤٣).

کەواتە دەتوانین بڵێن: مەبەست لە ڕاستی ودروستی ئەوەیە کە ئەوتێستە، یان پێوانکارەی ئامادەمان کردووە، ئەو توانا وخاسیەتانە بپێوێت کە بۆمان ئامادەکردووە، چونکە شارەزا سەرنجی ناوەڕۆکی بڕگەکانی تێستەکە دەدات بۆئەوەی بڕیار بدات تاچەند ڕاست و دروستن وگوزارشت لە ئەوخاسیەت و خەسڵەتانە دەکات کەبۆی ئامادەکراوە (قەرەچەتانی، ٢٠١٨: ١٢٠_١٢١).

بۆ دەرخستنی ڕاستیی پێوەری توێژینەوەکە، سەبارەت بە پێوەری ڕازیبوون لەپسپۆڕی خوێندن، لەبەر ڕۆشنایی سەرنج و ڕێنماییەکانی پسپۆڕاندا (٢٢) بڕگە لەلایەن هەر (١٥) پسپۆڕەکەوە پەسەندکران وڕێژەی (100%) یان بەدەستهێنا و بەبێ هیچ دەستکارییەک وەکو خۆیان مانەوە، (13) بڕگەش ڕێژەی (٩٣%) و (٣) بڕگەش ڕێژەی (٨٠%) یان بەدەستهێنا و بەهەندێک دەستکارییەوە مانەوە. بەم شێوەیە دەرکەوت کە ڕێژەی سەدی ڕاستگۆیی بڕگەکان (100%)، ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزە ولەڕووی زانستییەوە پەسەنددەکرێت، بەپێی ڕێژەی سەدی بڕگەکان پەسەندکراون وەکو لە خشتەی (3) ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی (3)

ڕێژەی سەدیی بڕگەکان بەپێی بۆچوونی شارەزایان سەبارەت بە ڕازیبوون لە پسپۆڕیی خوێندن

| زنجیرەی بڕگەکان | ژمارەی بڕگەکان | ڕای شارەزایان | | ڕێژەی سەدیی | دەرئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|
| | | پەسەند کراو | پەسەند نەکراو | | |
| ٢، ٣، ٤، ٥، ٦، ٨، ١٠، 11، ١٣، ١٤، ١٥، ١٦، ١٧، ٢٠، ٢١، ٢٣، ٢٤، ٢٥، ٢٧، ٢٨، ٣١، ٣٣ | ٢٢ | ١٥ | 0 | %١٠٥ | مایەوە |
| 1، ٩، ١٢، ١٨، 19، ٢٢، ٢٦، ٢٩، ٣٠، ٣٢، ٣٦، ٣٧، ٣٨ | ١٣ | ١٤ | 1 | %٩٣ | مایەوە |
| ٧، ٣٤، ٣٥ | 3 | ١٢ | 3 | %8٠ | مایەوە |

**ب- جێگیری:**

چەمکی جێگیریی بەواتای ئەوە دێت کە پێوەرەکە هەمیشە بتوانێت هەمان ئەنجام بەدی بهێنێتەوە، ئەگەر دووجار بەسەر هەمان گروپدا جێبەجێکرا. (بۆکانی، 2016: 177). باوترین ڕێگەی دەرهێنانی جێگیریی ئامراز، ڕێگەی دووبارە تاقیکردنەوەی پێوەرە بەسەر نموونەیەکی بچووکی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، بەمەبەستی بەدەستهێنانی دوو ئەنجام، دواتر دۆزینەوەی پەیوەندی لە نێوانیاندا، پێوەری گونجاویش ئەو پێوەرەیە کە لە ماوەی نێوان دوو تا سێ هەفتەدا، لە نێوان دوو ئەنجامی پراکتیزەدا هاوکێشەیەکی پەیوەستی بەهێزی هەبێت. (دیلوی، 2006: 166).

ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت کە چەند جار ئەو تێستە دووبارە و پراکتیزە بکەینەوە لەسەر هەمان نموونە، ئەوا دەبینین هەمان دەرئەنجام یان نزیك لەومان دەداتێ. (قەرەچەتانی، 2018: 130).

توێژەر بۆ دەرهێنانی جێگیری پێوەری ڕازیبوون لەپسپۆڕی خوێندن، پشتی بەم ڕێگایانە بەستووە:

1) **ڕێگای دووبارە تاقیکردنەوە:**

بۆ دەرهێنانی جێگیریی پێوەرەکە، بۆ پێوەری (ڕازیبوون لەپسپۆڕی خوێندن)، توێژەر ڕێگای دووبارە تاقیکردنەوەی بەکارهێنا، کە بریتی بوو لە (40) خوێندکار لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، لەماوەی نێوان (٢١) ڕۆژدا دووجار وەڵامی پرسیارەکانی پێوەرەکەیان دایەوە لەبەرواری (2022/4/٤) بۆ بەرواری(2022/4/25). لەڕێگەی بەکارهێنانی (هاوکێشەی پێرسۆن_Person) دوە، ڕادەی پەیوەستبوونی هەردوو تاقیکردنەوەکە دەرکەوت بەهای جێگیریی پێوەرەکە بریتییە لە (٠,٩٧٥%) ئەمەش مانای وایە جێگیریی لە ئاستێکی بەرزدایە و گونجاوە بۆ جێبەجێکردن، ئەم ڕێژەیەش بەباش و گونجاو دادەنرێت ئەگەر بەراورد بکرێت بە پێوەرە گشتیەکانی هەڵسەنگاندنی هاوکۆلکەی پەیوەندی، کە ئاماژەی کردووە بەوەی ئەگەر هاوکۆلکەی پەیوەندی دووجا کراو (ر٢) و بەهاکەی لەنێوان (٠,٥٠ _ ٠,٧٥) بە بەهێز و زیاتر لە (٠,٧٥) بەزۆر بەهێز دادەنرێت (البیاتی و زکریا، ١٩٩٧: ١٩٤). واتا ئامرازەکە بە زانستی دادەنرێت و دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکانی توێژینەوەکە. وەك لە خشتەی (4) خراوەتەڕوو.

خشتەی (4)

هاوکۆلکەی جێگیری بۆ پێوەری ڕازیبوون لەپسپۆڕی خوێندن لەنێوان جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی یەکەم و دووەم

| جێگیری ئامرازەکە بەپێی هاوکۆلکەی پێرسۆن | | | | |
|---|---|---|---|---|
| پێوەری ڕازیبوون لەپسپۆڕی خوێندن | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | هاوکۆلکەی پێرسۆن | بەهای بەڵگەداری |
| تاقیکردنەوەی جاری یەکەم | ١٣٤,٩٥٠٠ | ١٩,٩٦٦٥٧ | ٠,٩٧٥ | ٠,٠٠ ١ |
| تاقیکردنەوەی جاری دووەم | ١٣٤,٠٥٠٠ | ٢٠,٠٤٠٩٢ | | |

2) **هاوکۆلکەی جێگیریی ئەلفاکرۆنباخ بۆ برگەکانی ڕازیبوون لەپسپۆڕی خوێندن:**

توێژەر بۆ پێوانەی جێگیری برگەکان پشتی بەڕێگەی ئەلفاکرۆنباخ بەستووە، کەیەکێکە لەڕێگەکانی دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی گونجاندنی ناوەکی، بەجۆرێک ڕێژەی جێگیری پێوانەکە بۆ پێوەری ئاستی خواست بریتی بوو لە (0.902%) کە ئەمەش جێگیرییەکی پەسەندە، بەمەش دەردەکەوێت کە هاوکۆلکەکە (جێگیری نایاب)ە، واتە بەشێوەیەکی گشتی فۆرمی ڕاپرسییەکە بە دروستی وەڵام دراوەتەوە.

**٣_٥ جێبەجێکردنی کۆتایی فۆرمی ڕاپرسی بۆ پێوەرەکان:**

دوای دڵنیابوون لەڕاستی و دروستی پێوەرەکانی توێژینەوەکە، توێژەر پێوەرەکانی بەسەر نموونەی توێژینەوەکەدا جێبەجێکرد، بەجۆرێک نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە (٦١٠) خوێندکاری کچ لە قۆناغی یەکەم و سێیەم لە بەشی باخچەی منداڵان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، کە پێکهاتبوون لە زانکۆکانی (سەلاحەددین_هەولێر، سلێمانی، ڕاپەڕین، گەرمیان، هەڵەبجە)، لەبەرواری (٢٠٢٢/٤/٨) تاوەکو بەرواری (٢٠٢٢/٥/٩)، پاش خستنەڕووی چۆنیەتی ئامادەکردنی پێوەرەکان و چۆنیەتی بەکارهێنانیان و دابینکردنی شێوازی وەڵامدانەوەی پێویست، بەمەبەستی بەدەستهێنانی زانیاری و داتایی پێویست لەسەر نموونەی توێژینەوەکە، توێژەر داتاکانی چارەسەرکرد لەڕێگای بەکارهێنانی پرۆگرامی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتیەکان(SPSS).

**٣-٦:ئامرازە ئامارییەکان:**

سود لە پرۆگرامی(SPSS) هەگبەی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتیەکان ڤێرژنی(٢٦) وەرگیراوە، هەروەها بەکار هێنانی ئەم ئامرازانەی کە بۆ ئامارکردن لەتوێژینەوەکەدا بەکارهێنراون:

1) **هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن** (معامل الارتباط پيرسون)(Person Correlation Coefficient ) بۆ ئەژمارکردنی جێگیری بەڕێگەی دووبارەجێبەجێکردن و ڕاستگۆی بونیادنان و دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکان بەکار هات.

$$\text{ر}_{\text{س ص}} = \frac{\sqrt{\text{ن} \times \text{مج}(\text{س} \times \text{ص}) - (\text{مج س} \times \text{مج ص})}}{\sqrt{(\text{ن} \times \text{مج}(\text{س}^2) - (\text{مج س})^2) \times (\text{ن} \times \text{مج}(\text{ص}^2) - (\text{مج ص})^2)}}$$

(الجادري، 2007: 288).

2) **ناوەندی شیاو (الوسط المرجح):**

بۆ شیکردنەوەی هەر برگەیەك لەبرگەکانی ئامرازی توێژینەوەکە و زانینی بەهاکەی لە چوارچێوەی هەر بوارێکدا، هەروەها بۆ مەبەستی ڕاڤەکردنی ئەنجامەکان، ئەم یاسایە بەکارهێنراوە:

$$\text{ناوەندی شیاو} = \frac{(\text{ت}1\times3) + (\text{ت}2\times2) + (\text{ت}3\times1)}{\text{کۆ ت}}$$

(صبري، 2006: 106).

3) **کێشی سەدی (الوزن المئوی):** بۆ خستنەڕووی بەهای کێشی سەدی برگەکان و ڕەهەندەکانی فۆرمی ڕاپرسیەکە.

$$\text{کێشی سەدی} = \frac{\text{ناوەندی شیاو}}{\text{بەرزترین نمرە}} \times 100$$

(ئیبراهیم،2007: 47).

4) **ڕێژەی سەدی(النسبة المئوی):** بۆ خستنەڕووی نموونەی توێژینەوەکە بە ڕێژەی سەدی.

$$\text{ڕێژەی سەدی} = \frac{\text{ژمارەی بەشەکی}}{\text{ژمارەی گشتی}} \times 100$$

(الاحمد و حذام،2005: ١٦٨).

5) **تاقیکردنەوەی تائی** بۆ دوو نموونەی سەربەست (Independent Sample T-Test) بۆ زانینی جیاوازی نێوان گۆڕاوەکان.

$$\text{ت} = \frac{\text{س}_1 - \text{س}_2}{\sqrt{\frac{(\text{ن}_1-1)\text{ع}_1^2 + (\text{ن}_2-1)\text{ع}_2^2}{\text{ن}_1+\text{ن}_2-2} * \left(\frac{1}{\text{ن}_1}+\frac{1}{\text{ن}_2}\right)}}$$

6) **تاقیکردنەوەی تائی یەك نموونە** (one sample T-Test): تی تێستی یەک نموونەی بۆ دۆزینەوەی ئاستی هەر سێ گۆڕاوی(وێنەی خود، ئاستی خواست، ڕازیبوون لەپسپۆڕی خوێندن).

$$\frac{\bar{\text{س}} - \text{م}}{\frac{\text{ع}}{\sqrt{\text{ن}}}}$$

7) **بەکارهێنانی هاوکۆلکەی ئەلفاکرونباخ:** بۆ دۆزینەوەی جێگیری پێوەرەکە.

8) **بەکارهێنانی هاوکێشەی ئەنۆڤا(ANOVA):** بۆ دۆزینەوەی جیاوازی نێوان زانکۆکان.

## بەشی چوارەم

**ئامانجی یەکەم: زانینی ئاستی وێنەی خود لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان لەزانکۆکانی هەرێمی کوردستان، بە شێوەیەکی گشتی لەچ ئاستێکدایە.**

دوای کۆکردنەوەی داتاکان و بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی (T_test) بۆ یەک نموونە بە بەکارهێنانی بەرنامەی ئاماری (SPSS)، لە ئەنجامدا دەرکەوت کە نرخی (t) هەژمارکراو (٢٤٧,٨٢٥) گەورەترە لە نرخی (t) خشتەیی کە (1.96) بوو، بە نمرەی ئازادی (٦٠٩) لە ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥)، هەروەک لە خشتەی (5) ڕوونکراوەتەوە واتە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری بەدیدەکرێت، ئەمەش ئەوە دەردەخات، کەوێنەی خود لە ئاستێکی بەرزدایە .

**خشتەی (5)**

**ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تائی ( یەک نموونە ) بۆ نمرەکانی وێنەی خود لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان لەزانکۆکانی هەرێمی کوردستان**

| نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانەیی | نمرەی ئازاد | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری ئاماری(٠,٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ٦١٠ | ١٦٤,٤٦٧٢ | ١٦,٣٩٠٧٥ | ١٣٨ | ٦٠٩ | ٢٤٧,٨٢٥ | ١,٩٦ | بەڵگەدارە |

وەک لە خشتەی ژمارە (5) دا دەردەکەوێت ، بەهای (t) هەژمارکراو یەکسانە بە (٢٤٧,٨٢٥)، بەهای (t) خشتەیی یەکسانە (١,٩٦) و نمرەی ئازاد یەکسانە (٦٠٩) لە ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) دایە . لەبەر ئەوەی کە بەهای(t) هەژمارکراو (٢٤٧,٨٢٥) گەورەترە لە بەهای (1.96) خشتەیی، بەم جۆرە دەردەکەوێت کە ئاستی وێنەی خود لای خوێندکارانی زانکۆ (نموونەی توێژینەوەکە) بە شێوەیەکی گشتی لە ئاستێکی بەرزدایە.

توێژەر هۆکاری ئەم ئەنجامە بۆئەوە دەگەڕێنێتەوە نموونەی هەڵبژێردراو کە خوێندکاری زانکۆن، ئەوانیش چینێکی خوێندەوار و هۆشیارن و ئەمەش بابەتێکی سروشتییە، بەو پێیەی وێنەیەکی ئەرێنییان هەیە دەربارەی خۆیان، هەروەها هاتنی خوێندکار بۆ قۆناغی زانکۆ واتە گرنگترین ئارەزووەکانی لەژیاندا بەدیهێناوە و ئەمەش وادەکات هەست بەخۆی و کەسایەتی خۆی بکات، جگە لەمەش زانکۆ دەرفەت بۆ خوێندکار دەڕەخسێنێت بۆئەوەی خۆی بسەلمێنێت، ئەمەش لەڕێگەی ڕاسپاردنی خوێندکار بۆ کاری تاکەکەسی لەکاتی خوێندن و پشت بەستن بەخۆی لەمیانەی نووسینی ڕاپۆرت و پێشکەشکردنی سیمینار و پرۆژەی تاکەکەسی تر، باندۆرا لەساڵی (1969) ئاماژەی بەوە کردووە کە چەمکی خودی ئەرێنی یان نەرێنی پەیوەندی بەو هاوسەنگییەوە هەیە کە تاک لەنێوان واقیعی خۆی و ئەو نموونەیە حەز دەکات وەک خۆی دروستی بکات، بەجۆرێک تاوەکو وێنەکە نزیک بێت لەنێوان خودی هەستپێکراو و خودی نموونەیی ئەوا چەمکی خودی ئەرێنی درووست

دەبێت، بەپێچەوانەوە تاوەکو وێنەکە دووربێت لەنێوان خودی هەستپێکراو و خودی نموونەیی ئەوا چەمکی خودی نەرێنی درووست دەبێت ( Bandura, 1969, p.55).

ئەم ئەنجامەش لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکانی(حمد، 2004) و (عرطول، 2006) و(کانبی، 2010) و (المیسوم،2015)، یەکدەگرێتەوە کە ئاماژەیان بە وێنەیەکی ئەرێنی بەرز کردووە بۆ خود لای خوێندکارانی زانکۆ.

**ئامانجی دووەم: زانینی ئاستی رازی بوون لەپسپۆری لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان لەزانکۆکانی هەرێمی کوردستان، بە شێوەیەکی گشتی لەچ ئاستێکدایە.**

دوای کۆکردنەوەی داتاکان و بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی (T-test) بۆ یەک نموونە بە بەکارهێنانی بەرنامەی ئاماری (SPSS)، لە ئەنجامدا دەرکەوت کە نرخی (t) هەژمارکراو (٢١٤,٦١٨) گەورەترە لە نرخی (t) خشتەیی کە (1.96) بوو بە نمرەی ئازادی (٦٠٩) لە ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥)، هەروەک لە خشتەی (6) ڕوونکراوەتەوە واتە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری بەدیدەکرێت، ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە رازی بوون لەپسپۆری لە ئاستێکی بەرزدایە .

**خشتەی (6)**

**ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تائی ( یەک نموونە ) بۆ نمرەکانی ڕازیبوون لەپسپۆری خوێندن لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان لەزانکۆکانی هەرێمی کوردستان**

| نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانەیی | نمرەی ئازاد | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری ئاماریی(٠,٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ٦١٠ | ١٣٨,٦٠٣٣ | ١٥,٩٥٠٤٦ | ١١٤ | ٦٠٩ | ٢١٤,٦١٨ | ١,٩٦ | بەڵگەدارە |

وەک لە خشتەی ژمارە (6) دا دەردەکەوێت ، بەهای (t) هەژمارکراو یەکسانە بە (٢١٤,٦١٨)، بەهای (t) خشتەیی یەکسانە (١,٩٦) و نمرەی ئازاد یەکسانە (٦٠٩) لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) دایە . لەبەر ئەوەی کە بەهای(t) هەژمارکراو (٢١٤,٦١٨) گەورەترە لە بەهای (1.96) خشتەیی ، بەم جۆرە دەردەکەوێت کە ئاستی ڕازیبوون لەپسپۆری لای خوێندکارانی زانکۆ (نموونەی توێژینەوەکە) بە شێوەیەکی گشتی لە ئاستێکی بەرزدایە.

توێژەر هۆکاری ئەم ئەنجامە بۆئەوە دەگەڕێنێتەوە نموونەی هەڵبژێردراو کە خوێندکاری زانکۆن، زۆرینەیان بەویستی خۆیان دەچنە بەشی باخچەی منداڵان، هەروەها پسپۆڕی خوێندنیان لە ئاست خواستی خۆیاندایە و ئارەزوو و پێداویستییەکانیان تێردەکات و هەست بەئاسوودەیی و ئارامی دەکەن لەم پسپۆڕییە، بەبێ دەستێوەردانی خێزان یاخود هاوڕێیان لە هەڵبژاردنی ئەم پسپۆڕییەدا، ئەمەش هێزێکی زیاتریان پێدەبەخشێت بۆ سەرکەوتن تیایدا، کە ئەمەش هەر لەخۆوە نایەت، بەڵکو لەمیانەی پاڵنەرێکەوە دێت کە پاڵیان پێوەدەنێت بۆ پێداگریکردن لەسەر بەدەستهێنانی سەرکەوتن، کە هەموو ئەمانە هاوتان لەگەڵ توانا و لێهاتوویییەکانیان. بۆیە هەڵبژاردنی پسپۆڕی درووست یارمەتیدەرە بۆ دەستکەوتی ئەکادیمی لەماوەی خوێندن و بەدرێژایی ژیان لەسەر پیشەیی داهاتوویان(مولاتي، 2019: 6).

بەم شێوەیە ڕازیبوون گوزارشتە لە ئارامی و درووستی دەروونی خوێندکار بەرامبەر بە پسپۆڕییەکەی، واتە هەرکاتێک خوێندکار پسپۆڕی خوێندنی لەئاست خواستی خۆیدابێت و بتوانێت ئامانجەکانی بەدیهێنێت تیایدا، ئەوا هەست بەئاسوودەیی و ئارامی دەروونی دەکات، ئەمەش پاڵنەری دەبێت بۆ بەردەوامبوون و سەرکەوتن لەخوێندنەکەیدا، بەپێچەوانەشەوە.

بۆیە بوونی ستافی لێهاتووی وانەوتنەوە و ژینگەی درووستی خوێندن و پرۆگرامی زانستی گونجاو، لەگەڵ هەستکردن بەئارامی لەناو هاوپۆلەکانیان، هەموو ئەمانە فاکتەری کاریگەرن بۆ ڕازیبوونی خوێندکار لەپسپۆڕی خوێندنەکەی (عبدالحمید وأخرون، ٢٠١٨: ١١).

ئەم ئەنجامەش لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکانی (میسة و اخرون: 2014) و (نسیمة: 2014) و (سیدهم: ٢٠٢٠)، یەکدەگرێتەوە کە ئاماژەیان بە ڕازیبوون لەپسپۆڕی خوێندن کردووە بەئاستێکی بەرز لای خوێندکارانی زانکۆ.

**ئامانجی سێیەم: زانینی وێنەی خود و پەیوەندی رازی بوون پسپۆری خوێندن لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان لەزانکۆکانی هەرێمی کوردستان.**

بەمەبەستی زانینی سروشتی پەیوەندی لەنیوان وێنەی خود و رازی بوون پسپۆری خوێندن لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان لەزانکۆکانی هەرێمی کوردستان، توێژەر هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆنی (معامل ارتباط بیرسون)بەکارهێنا ، بە پشت بەستن بە بەرنامەی ئاماری (SPSS)، بەپێی ئاستی بەڵگەداری (0.01) وەك لەخشتەی (7) ڕوونکراوەتەوە.

**خشتەی(7)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی پێرسۆن بۆ دۆزینەوەی ئاستی بەڵگەداری لەنرخی هاوکۆلکەی پەیوەندی لەنێوان وێنەی خود وڕازیبوون لەپسپۆری خوێندن.**

| گۆڕاوەکان | ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | | بەهای تائی | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|

| | | بەهای هاوکۆلکەی پەیوەندی | هەژمارکراو | خشتەیی | |
|---|---|---|---|---|---|
| وێنەی خود | ٦١٠ | 164.5902 | 16.42496 | ٠,٧٠٤ | ٥١,٤٧٤ | 1.96 | بەڵگەدارە |
| ڕازیبوون لەپسپۆری خوێندن | | 138.6148 | 15.94677 | | | | |

لەم خشتەیەدا (7) دەردەکەوێت ، پەیوەندی لەنیوان وێنەی خود و رازی بوون لەپسپۆری خوێندن لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان لەزانکۆکانی هەرێمی کوردستان، بەپێی هاوکۆلکەی پێرسۆن (٠,٧٠٤) ە، کەواتە پەیوەندییەکی ڕاستەوانەی بەهێز هەیە لەنێوانیان، ئەمەش بەو واتایە دێت کەتاوەکو وێنەی خود لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵانی زانکۆ بەرزبێت، ئەوا ڕازیبوون لەپسپۆڕی خوێندن زیاد دەبێت، بەپێچەوانەشەوە.

تایبەتمەندیی کەسێتی کاریگەری هەیە لەسەر ڕازیبوون لە پسپۆڕی خوێندن، بەجۆرێک توانا و ئارەزوو و خواست و لێهاتوویەکانی تاک و ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی و توڕەبوون و ململانێی لەگەڵ خێزان و ئەندامەکان و چۆنیەتی وێناکردنی بۆ چەمکی خودی خۆی و شکست و سەرکەوتنەکانی لە قوتابخانە و ئاڕاستە ئەرێنی و نەرێنییەکانی بۆ خوێندن، کاریگەرن لەسەر کەسایەتی تاک بۆ هەڵبژاردنی پسپۆڕی و پیشەی داهاتووی، سەرەڕای فاکتەرە دەروونی و کۆمەڵایەتیەکان کە کاریگەرن لەسەر کەسایەتی تاک بۆ هەڵبژاردنی پسپۆڕی خوێندن و ڕازیبوون پێی (عبدالهادي وأخرون، 2014: 137).

**ئامانجی چوارەم: دەرخستنی جیاوازی بۆ پێوەری وێنەی خود بەپێی گۆڕاوی زانکۆ جیاوازەکان.**

بۆ زانینی جیاوازی نمرەکانی خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان بەپێی گۆڕاوی زانکۆ جیاوازەکان لەسەر پێوەری وێنەی خود. توێژەر شیکاری جیاوازی یەک ئاڕاستە (تحليل التباين الاحادي) (one way ANOVA) بەکارهێنا. بەپشت بەستن بە بەرنامەی ئاماری (SPSS) کەئەنجامەکەی لەخشتەی ژمارە (8) خراوەتەڕوو.

خشتەی(8)

ئەنجامی شیکاری یەك ئاڕاستە (ANOVA) بۆ نمرەکانی خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان بەپێی گۆڕاوی زانکۆ جیاوازەکان لەسەر پێوەری وێنەی خود

| سەرچاوەی جیاوازی | کۆی ناوەندی ژمێرەیی | نمرەی ئازادی | دووجای ناوەندی ژمێرەیی | بەهای فائی F | بەهای بەڵگەداری Sig | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| لە نێوان کۆمەڵەکاندا | 21947.682 | 4 | 5486.920 | 23.320 | ٠.٠5.0 | بەلگەدارە |
| لە ناو گروپەکاندا | 142347.859 | 605 | 235.286 | | | |
| کۆی گشتی | 164295.541 | 609 | | | | |

وەک لە خشتەی ژمارە (8) دا دەردەکەوێت ، بەهای (f)(٢٣,٣٢٠) و بەهای تایی خشتەیی (٠,٠٠5 )، بەنمرەی ئازاد (٦٠٥) و لە ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) دایە. لەبەرئەوەی بەهای تای خشتەیی (٠,٠٠٠) ئەژمارکراو بچوکترە لە ئاستی بەڵگەداری، بەم جۆرەش دەردەکەوێت جیاوازی بەڵگەداری هەیە لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی بۆ نمرەکانی خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان بەپێی گۆڕاوی زانکۆ جیاوازەکان لەسەر پێوەری وێنەی خود هەروەك لەخشتەی (9) جیاوازەییەکە روونکراوەتەوە.

بۆ دیاریکردنی ئەم جیاوازییە بۆ نمرەکانی خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان بەپێی گۆڕاوی زانکۆ جیاوازەکان لەسەر پێوەری وێنەی خود لەنێوان زانکۆی سلێمانی و زانکۆکانی تر، توێژەر پشتی بەتاقیکردنەوەی (LSD) بەستووە، وەك لەخشتەی (9) دەرکەوێت.

خشتەی(9)

تاقیکردنەوەی (LSD)

| تاقیکردنەوەی (LSD) بۆ وێنەی خود | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| (I)زانکۆکان | (J)زانکۆکان | ناوەندە ژمێرەیی جیاوازی (I-J) | لادانی پێوەری | بەهای بەڵگەداری | ئاستی بەڵگەداری(٠,٠٥) |
| سلێمانی | سەلاحەدین | -12.85363* | 1.90398 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | گەرمیان | -7.10152* | 1.92515 | 0.000 | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | ڕاپەڕین | 2.94122 | 1.98198 | 0.138 | بەڵگەدار نیە |
| | هەڵەبجە | 1.02317 | 2.02533 | 0.614 | |
| سەڵاحەدین | سلێمانی | *12.85363 | 1.90398 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | گەرمیان | *5.75211 | 1.88859 | 0.002 | |
| | ڕاپەڕین | *15.79485 | 1.94649 | 0.000 | |
| | هەڵەبجە | *13.87680 | 1.99061 | 0.000 | |
| گەرمیان | سلێمانی | *7.10152 | 1.92515 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | سەڵاحەدین | *5.75211- | 1.88859 | 0.002 | |
| | ڕاپەڕین | *10.04274 | 1.96720 | 0.000 | |
| | هەڵەبجە | *8.12469 | 2.01087 | 0.000 | |
| ڕاپەڕین | سلێمانی | 2.94122- | 1.98198 | 0.138 | بەڵگەدار نییە |
| | سەڵاحەدین | *15.79485- | 1.94649 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | گەرمیان | *10.04274- | 1.96720 | 0.000 | |
| | هەڵەبجە | 1.91805- | 2.06534 | 0.353 | بەڵگەدار نییە |
| هەڵەبجە | سلێمانی | 1.02317- | 2.02533 | 0.614 | بەڵگەدار نییە |
| | سەڵاحەدین | *13.87680- | 1.99061 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | گەرمیان | *8.12469- | 2.01087 | 0.000 | |
| | ڕاپەڕین | 1.91805 | 2.06534 | 0.353 | بەڵگەدار نییە |

وەک لەخشتەی(9) دا دەردەکەوێت، کە خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان لەزانکۆکانی هەرێمی کوردستان، جیاوازیی لە تێڕوانینیاندا هەیە بۆ وێنەی خود، کەواتە بەڵگەداری ئاماری هەیە، بەجۆرێک بەهای بەڵگەداری ئەژمارکراو بچوکترە لەبەهای خشتەیی. ڕای نموونەی توێژینەوەکە دەربارەی وێنەی خود جیاوازە بەگوێرەی زانکۆ جیاوازەکان، بەجۆرێک خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵانی زانکۆی سلێمانی تێڕوانینیان هاوتایە لەگەڵ خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵانی زانکۆکانی(سەڵاحەدین، گەرمیان)، کەواتە پەیوەندی ئاماری هەیە لەنێوانیاندا، بەڵام تێڕوانینیان جیاوازە لەگەڵ خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵانی زانکۆکانی(ڕاپەڕین، هەڵەبجە)، واتە پەیوەندی ئاماری نییە لەنێوانیاندا. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جۆری تێڕوانینی خوێندکاران بۆ خودی خۆیان، پاشان ئەو ژینگەیەی کە تیایدا گەورەبوون، هەروەها ڕۆڵی خێزان و قوتابخانە و مامۆستایان لەسەر کەسایەتییان.

**ئامانجی پێنجەم: دەرخستنی جیاوازی بۆ پێوەری ڕازیبوون لەپسپۆری خوێندن بەپێی گۆڕاوی ز انکۆ جیاوازەکان.**

بۆ زانینی جیاوازی نمرەکانی خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان بەپێی گۆڕاوی زانکۆ جیاوازەکان لەسەر پێوەری ڕازیبوون لەپسپۆری خوێندن. توێژەر شیکاری جیاوازی یەک ئاراستە (تحليل التباين الاحادی) (one way ANOVA) بەکارهێنا. بەپشت بەستن بە بەرنامەی ئاماری (SPSS) کەئەنجامەکەی لەخشتەی (10) خراوەتەڕوو.

خشتەی(10)

ئەنجامی شیکاری یەك ئاراستە (ANOVA) بۆ نمرەکانی خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان بەپێی گۆڕاوی زانکۆ جیاوازەکان لەسەر پێوەری ڕازیبوون لەپسپۆری خوێندن

| سەرچاوەی جیاوازی | کۆی ناوەندی ژمێرەیی | نمرەی ئازادی | دووجای ناوەندی ژمێرەیی | بەهای فائی F | بەهای بەڵگەداری Sig | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| لە نێوان کۆمەڵەکاندا | 28932.225 | 4 | 7233.056 | 34.748 | 0.000 | بەلگەدارە |
| لە ناو گروپەکاندا | 125936.242 | 605 | 208.159 | | | |
| کۆی گشتی | 154868.467 | 609 | | | | |

وەک لە خشتەی ژمارە (10) دا دەردەکەوێت ، بەهای (f) (34.748) و بەهای تایی خشتەیی (٠,٠٠٠) ، بەنمرەی ئازاد (٦٠٥) و لە ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥) دایە . لەبەرئەوەی بەهای تای خشتەیی (٠,٠٠٠) ئەژمارکراو بچوکترە لە ئاستی بەڵگەداری، بەم جۆرەش دەردەکەوێت جیاوازی بەڵگەداری هەیە لەنێوان ناوەندی

ژمێرەیی بۆ نمرەکانی خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان بەپێی گۆڕاوی زانکۆ جیاوازەکان لەسەر پێوەری رازیبوون لەپسپۆری خوێندن هەروەك لەخشتەی (11) جیاوازییەکە روونکراوەتەوە.

بۆ دیاریکردنی ئەم جیاوازییە بۆ نمرەکانی خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان بەپێی گۆڕاوی زانکۆ جیاوازەکان لەسەر پێوەری ڕازیبوون لەپسپۆری خوێندن لەنێوان زانکۆی سلێمانی و زانکۆکانی تر، توێژەر پشتی بەتاقیکردنەوەی (LSD) وەك لەخشتەی (11) دەرکەوێت.

خشتەی(11)

تاقیکردنەوەی (LSD)

| تاقیکردنەوەی (LSD) بۆ ڕازیبوون لەپسپۆری خوێندن | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| (I)زانکۆکان | (J)زانکۆکان | ناوەندە ژمێرەیی جیاوازی (I-J) | لادانی پێوەری | بەهای بەڵگەداری | ئاستی بەڵگەداری(٠,٠٥) |
| سلێمانی | سەڵاحەدین | -17.77985* | 1.79086 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | گەرمیان | -11.93575* | 1.81078 | 0.000 | |
| | ڕاپەڕین | -4.58017* | 1.86423 | 0.014 | |
| | هەڵەبجە | -1.26762 | 1.90500 | 0.506 | بەڵگەدار نییە |
| سەڵاحەدین | سلێمانی | 17.77985* | 1.79086 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | گەرمیان | 5.84410* | 1.77639 | 0.001 | |
| | ڕاپەڕین | 13.19968* | 1.83085 | 0.000 | |
| | هەڵەبجە | 16.51223* | 1.87235 | 0.000 | |
| گەرمیان | سلێمانی | 11.93575* | 1.81078 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | سەڵاحەدین | -5.84410* | 1.77639 | 0.001 | |
| | ڕاپەڕین | 7.35558* | 1.85033 | 0.000 | |
| | هەڵەبجە | 10.66813* | 1.89140 | 0.000 | |
| ڕاپەڕین | سلێمانی | 4.58017* | 1.86423 | 0.014 | بەڵگەدارە |
| | سەڵاحەدین | -13.19968* | 1.83085 | 0.000 | |
| | گەرمیان | -7.35558* | 1.85033 | 0.000 | |
| | هەڵەبجە | 3.31255 | 1.94264 | 0.089 | بەڵگەدار نییە |
| هەڵەبجە | سلێمانی | 1.26762 | 1.90500 | 0.506 | بەڵگەدار نییە |
| | سەڵاحەدین | -16.51223* | 1.87235 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | گەرمیان | -10.66813* | 1.89140 | 0.000 | |
| | ڕاپەڕین | -3.31255 | 1.94264 | 0.089 | بەڵگەدار نییە |

وەک لەخشتەی(11) دا دەردەکەوێت، کە خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان لەزانکۆکانی هەرێمی کوردستان، جیاوازی لە ڕازیبوون لەپسپۆڕی خوێندنیاندا هەیە، کەواتە بەڵگەداری ئاماری هەیە، بەجۆرێک بەهای بەڵگەداری ئەژمارکراو بچوکترە لەبەهای خشتەیی. ڕای نموونەی توێژینەوەکە دەربارەی ڕازیبوون لەپسپۆڕی خوێندن جیاوازە بەگوێرەی زانکۆ جیاوازەکان، بەجۆرێک خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵانی زانکۆی سلێمانی ڕادەی ڕازیبوون لەپسپۆڕی خوێندنیان هاوتایە لەگەڵ خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵانی زانکۆکانی(سەڵاحەدین، گەرمیان، ڕاپەڕین)، کەواتە پەیوەندی ئاماری هەیە لەنێوانیاندا، بەڵام تێڕوانینیان جیاوازە لەگەڵ خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵانی زانکۆی(هەڵەبجە)، واتە پەیوەندی ئاماری نییە لەنێوانیاندا. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ تایبەتمەندی کەسێتی خوێندکار و پاڵنەر و خواستی خوێندکار بۆ پسپۆڕییەکەی، ئەمە سەرەڕای بوونی ستافێکی ئەکادیمی و زانستی لەبەشی باخچەی منداڵان، هەروەها ڕازیبوون لە ڕێگای وانەوتنەوە و ڕازیبوون لە شێوازی هەڵسەنگاندن، پاشان تێرکردنی پێداویستیەکانی خوێندکار و فەراهەم کردنی ژینگەیەکی لەبار بۆ خوێندکار.

**٤_٢ دەرئەنجامی توێژینەوەکە:**

توێژەر لەمیانەی ئەنجامی توێژینەوەکەیەوە، گەیشت بەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:

1. پەیوەندی نێوان وێنەی خود و ڕازیبوون لەپسپۆڕی خوێندن، پەیوەندییەکی ڕاستەوانەیە.

2. گۆڕاوە دیمۆگرافیەکانی وەکو(قۆناغەکانی خوێندنی زانکۆیی)، کاریگەری نیە لە دەرخستنی جیاوازی لەسەر وێنەی خود.
3. گۆڕاوە دیمۆگرافیەکانی وەکو(قۆناغەکانی خوێندنی زانکۆیی)، کاریگەری نیە لە دەرخستنی جیاوازی لەسەر ڕازیبوون لەپسپۆڕی خوێندن.
4. گۆڕاوە دیمۆگرافیەکانی وەکو(زانکۆ جیاوازەکان)، کاریگەری هەیە لە دەرخستنی جیاوازی لەسەر وێنەی خود.
5. گۆڕاوە دیمۆگرافیەکانی وەکو(زانکۆ جیاوازەکان)، کاریگەری هەیە لە دەرخستنی جیاوازی لەسەر ڕازیبوون لەپسپۆڕی خوێندن.

**٤_٣ ڕاسپاردەکان:**

لەژێر ڕۆشنایی دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکەدا، توێژەر ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوە دەخاتەڕوو:

**1.** بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ئەنجامانەی کە توێژینەوەکە پێیگەشتووە، دەربخستووە ئەو کەسانەی کە وێنەیەکی ئەرێنییان هەیە بۆ خودی خۆیان ئاستی خواستیان بەرزە و ڕازین لەپسپۆڕی خوێندنیان، بەبەراورد لەگەڵ ئەو کەسانەی کە وێنەیەکی نەرێنییان هەیە، بۆیە توێژەر پێشنیازی ئەوە دەکات کە پێویستە بابەتی دەروونناسی و کەسایەتی بۆ هەموو قۆناغەکانی خوێندن، وەکو بابەتێکی سەربەخۆ بخوێندرێت هەر لە قۆناغی سەرەتاییەوە هەتاوەکو قۆناغی زانکۆ.

**2.** پێویستە پەروەردەکردن لەلایەن دایکان و باوکان و پەروەردەکارانەوە لە دامەزراوە پەروەردەییەکاندا سەبارەت بەو هۆکارانەی کە کاریگەرییان لەسەر وێنەی خودی منداڵەکانیان هەیە، لەقۆناغە سەرەتاییەکانی گەشەکردنەوە دەستپێبکات تاوەکو قۆناغی زانکۆ، کە ئەمەش دەبێتەهۆی بەرزکردنەوەی وێنەی خودی ئەرێنی و زیادکردنی ئاستی خواست و ڕادەی ڕازیبوون لەپسپۆڕی خوێندن.

**3.** کردنەوە و چالاککردنی ڕۆڵی ڕاوێژکاری و هۆبەی ڕێنمایی دەروونی لەناو زانکۆکاندا لەڕێگەی دابینکردنی پسپۆڕی دەروونی و پەروەردەییەوە، بەمەبەستی هاوکاریکردنی قوتابیان بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکانیان و دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆیان.

4. هۆشیارکردنەوەی دایکان و باوکان و خێزانەکان لەڕێگەی دامەزراوە پەروەردەییەکان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە، بەمەبەستی هاندانی منداڵەکانیان بۆ زیاتر پشت بەستن بەخودی خۆیان و سەربەستی پێدانیان بۆ خستنەڕووی ئامانج و خواستەکانیان و هەڵبژاردنی پسپۆڕی دڵخوازی خۆیان، بۆئەوەی بتوانن سەرکەوتن بەدەستبهێنن تیایدا.

5. دابینکردنی ستافی ئەکادیمی پێویست بۆ بەشی باخچەی منداڵان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بەگوێرەی پسپۆڕی، هەروەها دابینکردنی ژینگەیەکی لەباری زانستی بۆ خوێندن و ئەنجامدانی چالاکی زانستی کرداری بەئامانجی زیاتر هاندانی خوێندکاران بەمەبەستی بەدیهێنانی خواستەکانیان و ڕازیبوون لەپسپۆڕی خوێندنیان.

**٤_٤ پێشنیازەکان:**

بەگوێرەی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، توێژەر پێشنیازی ئەنجامدانی چەند توێژینەوەیەک دەخاتەڕوو:

1. ئەنجامدانی توێژینەوەیەک و پێکەوە گرێدانی گۆڕاوی وێنەی خود بە گۆڕاوەکانی تری وەک(بڕیاردان، پرۆسەعەقڵییەکانی وەکو: زیرەکی و بیرکردنەوە، گونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتی، مامەڵەکردن لەگەڵ فشاری دەروونی، ئەوانی تر...).

2. ئەنجامدانی توێژینەوەیەک بە ئامانجی پێوانەکردنی وێنەی خود لای تاکەکانی گروپە کۆمەڵایەتییەکانی تری وەک(مامۆستا، فەرمانبەر، پزیشک، ئەندازیار).

3. ئەنجامدانی توێژینەوەیەک بە ئامانجی ئاشکراکردنی سروشتی پەیوەندی نێوان وێنەی خود و گۆڕاوە دیمۆگرافییەکانی تری وەک (تەمەن، ڕەگەز، باری کۆمەڵایەتی، باری دارایی).

4. بەکارهێنانی پێوەری ڕازیبوون لەپسپۆڕی خوێندن کەلەم توێژینەوەیەدا خراوەتەڕوو، بۆ ئەو کەسانەی کەدەیانەوێت لەم بوارەدا توێژینەوەی دیکە ئەنجامبدەن.

**سەرچاوەکان:**


1. إبراهيم، مروان عبدالمجيد (٢٠٠٠)، **أسس البحث العلمي لإعداد الرسائل الجامعية**، الطبعة الأولى، مؤسسة الوراق للنشر والتوزيع، عمان.
2. أميطوش, م (2017)، **مستوى الرضا عن تخصص التكوين المهني دراسة ميدانية علةى عينة من المتربصين في التكوين المهني**, مجلة البحوث التربوية والتعليمية، المجلد 6, العدد11, ص 77_96.
3. بۆکانی، سابیر بەکر (2016)، **میتۆدی توێژینەوەی ز انستی**، چاپی یەکەم، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی.
4. برافين، لورانس أ (٢٠١٠)، **علم الشخصية**، الطبعة الأولى، ترجمة: عبدالحليم محمود السيد وأيمن محمد عامر ومحمد يحيى الرخاوى، المركز القومى للترجمة، القاهرة.

5. بكير، مليكة (٢٠١٥)، **الرضا عن الدراسة وعلاقته بالدافع المعرفي لدى التلاميذ السنة الثانية من التعليم الثانوي(دراسة مقارنة بين المتفوقين وغير المتفوقين)**، المجلة الجزائرية للطفولة والتربية، المجلد2, العدد(١)، ص ٢٠١_ 237.
6. حمد، نادرة جميل (2004)، **صورة الذات وعلاقتها بالتفاعل الاجتماعي**، رسالة ماجستير (غير منشورة)، كلية الاداب، جامعة بغداد.
7. حني، خديجة (2015)، **جودة الحياة وعلاقتها بالرضا عن التخصص الدراسي لدى طالب الجامعي**، رسالة ماجستير، جامعة الشهيد حمه لخضر بالوادي، الجزائر.

| ژماره | ناو | پسپۆڕی | پلەی زانستی | شوێنی کار |
|---|---|---|---|---|
| 1 | د. صابر بكر مصطفى | دەروونزانی پەروەردەیی | پرۆفیسۆر | زانکۆی سلێمانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت |
| 2 | د. جواد نعمت حسين | ڕێگاکانی وانەوتنەوەی هونەر | پرۆفیسۆر | زانکۆی سلێمانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت |
| 3 | د. رشدى على ميرزا جاف | دەروونزانی کلینیکی | پرۆفیسۆر | زانکۆی سلێمانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت |
| 4 | د. سۆلاف فائق محمد على | ڕێگاکانی وانەوتنەوەی زانست | پرۆفیسۆر | زانکۆی سلێمانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت |
| 5 | د.نيان نامق صابر | فەلسەفەی پەروەردە | پرۆفیسۆر | زانکۆی سلێمانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت |
| 6 | د. عمر ابراهيم عزيز | دەروونزانی پەروەردەیی | پرۆفیسۆر | زانکۆی سەلاحەددین کۆلێجی ئاداب |
| 7 | د. مؤيد اسماعيل جرجيس | درووستی دەروونی | پرۆفیسۆر | زانکۆی سەلاحەددین کۆلێجی پەروەردە |
| ٨ | د. ريزان على ابراهيم | دەروونزانی پەروەردەیی | پرۆفیسۆر | زانکۆی سەلاحەددین کۆلێجی ئاداب |
| ٩ | د. محمد مجى الدين صادق | پێوانە و هەڵسەنگاندن | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | زانکۆی سەلاحەددین کۆلێجی پەروەردە |
| ١٠ | د. وەليد خاليد عبدالكريم | پێوانە و هەڵسەنگاندن | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | زانکۆی سەلاحەددین کۆلێجی پەروەردە |
| ١١ | د. سلوى احمد امين | پێوانە و هەڵسەنگاندن | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | زانکۆی سەلاحەددین کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت |
| ١٢ | د. اراز حكيم رضا | دەروونزانی پەروەردەیی | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | زانکۆی سەلاحەددین کۆلێجی پەروەردە |
| ١٣ | د. گيلاس عبدالله اسماعيل | دەروونزانی پەروەردەیی | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | زانکۆی سلێمانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت |
| ١٤ | د. إيناس احمد عزيز | دەروونزانی کلینیکی | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | زانکۆی سلێمانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت |
| ١٥ | د. نزيره صالح محمد | پەروەردەی تایبەت | مامۆستا | زانکۆی سلێمانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت |

8. عطية، محمد (2008)، **التلكؤ الاكاديمي وعلاقته بالدافعية للانجاز والرضا عن الدراسة لدى طلاب الجامعة**، رسالة ماجستير، قسم الصحة النفسية، كلية التربية جامعة الزقازيق.
9. عبدالحميد، بلقاسم و سلامى أيمن (٢٠١٨)، **الرضا عن التخصص الدراسي و علاقته بمستوى الطموح لدى طلبة معهد علوم وتقنيات النشاطات البدنية والرياضية**، رسالة ماجستير، جامعة آكلي محند أولحاج البويرة، الجزائر.
10. عبدالهادي، جودت عزت وسعيد حسني العزة (2014)، **التوجيه المهني و نظرياته**، الطبعة الثالثة، دار الثقافة للنشر والتوزيع، عمان.
11. عدس، عبدالرحمن (1999)، **علم النفس التربوي**: نظرة معاصرة، الطبعة الثانية، دار الفكر، عمان.
12. علام، صلاح الدين محمد (٢٠٠٢)، **القياس والتقويم التربوى والنفسي اساسياته وتطبيقاته وتوجهاته المعاصرة**، دار الفكر العربي، القاهرة.
13. شيبوط، اسماء و نهلة شتوان، وناسة مروك وكريمة يسعد (2020)، **الرضا عن التخصص الجامعي وعلاقته بالدافعية للتعلم لدى طلبة الجامعة، شهادة ليسانس في علم النفس التربوي**، جامعة محمد الصديق بن يحي_جيجل، الجزائر.
14. قەرەچەتانی، کەریم شەریف (2018)، **پێوان وهەڵسەنگاندن لەبواری پەروەردە و دەروونز انی**، چاپخانەی زانی صلح، تەهران_ئێران.
15. محمد، على عودة ( 2012): **مناهج البحث في التربية وعلم النفس**، الطبعة الاولى، مكتبة عدنان, بغداد.
16. مولاتي، وليد (2019)، **مستوى الرضا عن التخصص الدراسي وعلاقته بالدافعية الإنجاز الأكاديمي**، رسالة ماجستير، جامعة قاصدي مرباح ورقلة، الجزائر.
17. Allport, G.W, (1961): **pattern and Growth in Personality**. Harvard Printed in New York.

**پاشكۆكانی توێژینەوەكە:**

**پاشكۆی(1)**

ليستى ناوى شارەزايان

**صورة الذات وعلاقتها بالرضا عن التخصص الدراسي لدى طلبة قسم رياض الأطفال في جامعات إقليم كردستان**

**ملخص البحث**

يمثل الإنسان إطارا سليما واساسيا لبناء لأى مجتمع موحد ، حيث أن البشر هم الوحدة الرئيسية للمجتمع، فضلا عن مجال التنمية والتنمية.

لطالما أكد الخبراء وعلماء النفس والشخصيات أن كل إنسان لديه صورة عن نفسه، وأشاروا إلى أن هناك صورتين، الأولى صورة للواقع نفسه والثانية صورة للمثال نفسه، إما غير واقعية أو غير واقعية، بطريقة أنه إذا كان هناك فرق بين الذات الحقيقية والمثل الأعلى نفسه، فإنها ستخلق صورة ذاتية سلبية، والعكس صحيح، إذا كان الفرق منخفضا، فإنه سيؤدي إلى صورة ذاتية إيجابية.

لذلك فإن الصورة الذاتية جزء مهم من السلوك الإنساني وأساس لتوجيه السلوك الفردي سواء كان طبيعيا أو ممتعا، وهذا مرتبط بالتجربة والتجربة والصراعات التي مر بها الأفراد، لأن هذه الصور يرون أنفسهم صورا إيجابية ومقبولة، خاصة بالنسبة لأولئك الذين يؤمنون بقدراتهم وفهمهم، أو سلبا لمن لا يوافقون على أفعالهم ويشككون في قدراتهم.

وفي هذا السياق، يعد رضا الطلاب عن تخصص الدراسي عاملا فعالا في نجاح خبراتهم ومستقبلهم المهني، بهدف تحقيق أهدافهم وهواياتهم وتطلعاتهم في حياتهم المهنية.

تهدف الدراسة الى معرفة مستوى صورة الذاتية و الرضا عن تخصص الدراسي لدى الطلبة في قسم رياض الاطفال في جامعات اقليم كردستان، فضلا عن ايجاد علاقة بين التغيرات الثالثة من حيث التغيير: الجامعات المختلفة، ومرحلة الدراسة.

ويحد البحث من الجامعات الإقليمية الكردستانية للعام الدراسي (2022-2021)، ومن الأمثلة على الدراسة طلاب من قسم رياض الأطفال في جامعات إقليم كردستان، الصف الأول والثالث، ويبلغ عددهم (610) طلاب.

ولتحقيق أهداف هذه الدراسة، اعتمد الباحث على مقياس حمد لعام 2004 لصورته الذات، التي تكونت من 61 فقرة، ثم راجعها وفقا للمدى المناسب لأقسام المقياس مع عينة الدراسة، بناء على اقتراح الخبير، وكان المعيار 46 فقرة، ثم قام الباحث، مستفيدا من المصادر والبحوث العلمية السابقة، بإعداد كلا المعيار الرضا عن تخصص الدراسي، وفقا للخطوات المتخذة لإعداد المعايير العلمية، ومن ثم استخراج الصدق والثبات لكل منهما مقياس.

ويمكن إظهار أهمية هذا البحث في عدد من النقاط: فهو مهم للمعلمين والطلاب في قسم حدائق الأطفال، حيث يصبح دليلا علميا مهما على صورتهم و الرضا عن تخصص الدراسي من قبل الطلاب، وسيصبح قسم رياض الأطفال وكذلك علوم مسؤولي الجامعة ومعلمي رياض الأطفال في نهاية المطاف مصدرا مهما لآراء الطلاب عن أنفسهم ومستوى رضاهم عن تعليمهم. للباحثين وطلاب التعليم العالي، الذين يرغبون في إجراء أبحاث أخرى في هذا المجال.

وخلصت الدراسة عموما إلى أن الصورة نفسها، و الرضا عن تخصص الدراسي، على مستوى عال، ومن ثم هناك علاقة مباشرة قوية بين التغيرات الثانية، مع وجود أدلة إحصائية. لديهم ، والتغيرات الديموغرافية مثل المرحلتين الأولى والثالثة من الدراسة ليس لها أي تأثير على إحداث اختلافات في التغييرات ، ولكن التغيرات الديموغرافية مثل الجامعات المختلفة لها تأثير على التغيرات في صورتها و الرضا عن تخصص الدراسي، وفقا للأدلة الإحصائية.

Self-image and it's relation to the acceptance of education expertise from students' point of view at kindergarten departments in Kurdistan Region Universities

**ABSTRACT:**

Building human beings on healthy basis represents a fundamental framework for building a united society, as human beings are the main unit of society, as well as the area of development and development.

Experts, psychologists and personalities have long confirmed that every human being has a picture of himself, and have pointed out that there are two images, the first a picture of the reality itself and the second a picture of the example itself. Either unrealistic or unrealistic, in a way that if there is a difference between the real self and the ideal itself, it will create a negative self-image, and vice versa, if the difference is low, it will lead to a positive self-image.

Therefore, self-image is an important part of human behavior and a basis for directing individual behavior, whether it is normal or pleasant, and this is related to the experience, experience, and conflicts that individuals have gone through, because these images They see themselves as positive and acceptable images, especially for those who believe in their abilities and understanding, or negatively for those who disapprove of their actions and doubt their abilities.

In this context, student satisfaction with their education is an effective factor in the success of their expertise and future careers, with the aim of achieving their goals, hobbies and aspirations in their professional life.

This study aims to find out the level of self-image and the level of ambition and acceptance of education expertise by students in the kindergarten department at Universities in the Kurdistan Region, as well as to find a relationship between the three changes in terms of change: different universities, and the stage of study.

The research limits Kurdistan regional universities for the (2022-2021) academic year, an example of the study is students from the children's kindergarten department at Kurdistan Region's universities, the first, third grade, numbering (610) students.

To achieve Study aims, the researcher relied on the hammed Scale, 2004, for his own image, which consisted of 61 paragraphs, and then reviewed it according to the appropriate extent of the sections of the scale with the sample of the study, on the expert's suggestion. The criterion was 46 paragraphs, Then the researcher, taking advantage of previous scientific sources and researches, prepared both criteria for the acceptance of the study specialist, according to the steps taken to prepare the scientific criteria, and then extracted honesty and stability for each of them Scales.

The importance of this Study can be shown a number of points: it is important for teachers and students in the children's garden department, as it becomes an important scientific guide on their image and the acceptance of study expertise by students. The children's kindergarten department, as well as the science of university officials and children's kindergarten teachers, will eventually become an important resource for students' views of themselves and their level of satisfaction with their education. For researchers and higher education students, who want to conduct others research in this field.

Generally, this study concluded that the picture itself, the education expert, is at a high level, and then there is a strong direct relationship between the three changes, with evidence of statistical evidence. They have, and demographic changes such as the first and third stages of study have no effect on making differences on changes, but demographic changes such as different universities have an impact on the changes in their image and the accepting a study specialist, according to statistical evidence.